حەشد بارەگای حزبە کوردییەکان چۆڵ ناکات و خۆپیشاندانیش دژ بە کورد ڕێکدەخات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5733) یەک شەمە 21ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام ئاسایی بوونەوە دەچێت، بەڵام بارەگای هیچکام لە حزبە کوردییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دیالە نەکراونەتەوە، هۆکاری نەگەڕانەوەی حزبە کوردییەکانیش بۆ داگیرکردنی بارەگاکانیان لە لایەن حەشدی شەعبییەوە دەگەڕێتەوە کە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017وە تەواوی بارەگای حزبە کوردییەکان کەوتنە ژێر دەستی حەشدی شەعبی، لە کەرکووک و ناوچەکانی مەندەلی، جەلەولا، قەرەتەپە و سەعدیە و لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا گرووپە چەکدارەکانی عێراق دەستیانبەسەر بارەگەی حزبە کوردییەکاندا گرتووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

16 کەس خۆیان بۆ پارێزگاری نەینەوا کاندید کردووە

لەوتەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی پارێزگاری نەینەوا کراوەتەوە، 16 کەس خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە، بەپێی لێدوانێکی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا شێخ بونیان ئەلجەربا دەستێوەردانێکی بەهێزی سیاسی هەیە بەتایبەت لە پارێزگاکانی دیکەوە بۆ پۆستەکە و پرکردنەوەی هەیە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بە هیچ شێوەیەک پارتی هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت نییە

ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئێستحقاقی پارتی دیموکراتی کوردستان کە 45کورسی هێناوە زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەرادەیەکی زۆر پارتی نەرمی نواندووە و زیاد لە ئیستحقاقی خۆمانیش دراوەتە دوو لایەنەکەی تر، گۆران و یەکێتی. بەڵام هەندێک لایەن کە ئێستا بە بیانوون بۆ ئەوەی حکوومەت پێکنەیەت، ئەگەر بیانووی ئەوانە نەبوایە، دەبوو تا ئێستا حکوومەت پێکبهاتایە، وادیارە لەبەر حەساسیەتی نێوان خۆیان دەبینن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرەڕای سەرۆکی پەرلەمان، داوای جێگری سەرۆکی هەرێمیش دەکات، لە بەرانبەریشدا بزووتنەوەی گۆران، جێگری سەرۆکی هەرێمی هەڵبژاردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان.. هاوواڵتیانی گەڕەکی تانجەڕۆی سلێمانی دژی پیسکردنی ژینگە نارەزایەتیان دەربڕی

پارتی ژمارەیەک پۆستی لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەردەگرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: فراکسیۆنەکەیان هیچ کێشەیەکی لە دانانی پۆستی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنەکەدا نییە و 6 پۆست وەردەگرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێکی بیانی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێکی بیانی، لەلایەن شۆفێرێکی تاکسیەوە، بڵاوکردەوە. **(دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

بەغدا.. کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق دەستپێکرد

دوێنێ شەمە 2019/4/20لە شاری بەغدا، کارەکانی کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق بە بەشداری شاندی شەش وڵاتی دراوسێ لە ژێرناوی "عێراق ـ سەقامگیری و گەشەپێدان"، دەستپێکرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

شەشەمین فیستقاڵی خۆراکی گیایی و خواردنی سرووشتی لە هەڵەبجەی شەهید سازکرا



لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار دەشتی شارەزوورو شاخەکانی هەورامان چەندین جۆر گیا سەوز دەبێت و بە خواردنیان سودێکی زۆری دەبێت بۆ لەش، هەر بەو بۆنەیەوە ئەمساڵ ڕێکخراوی نوێ بو پاراستنی ژینگەو ڕێکخراوی ئارامی هەڵەبجە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە چوارەمین ڤیستقاڵی خۆراکی گیایی و خواردنی سروشتی سازکرد. **(ڕاپۆرتێک لە ل6 بخوێنەوە)**

سبەی پیشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بیناسازی بەڕێوەدەچێت

بڕیارە سبەی 22 تا 24ی نیسانی 2019 لە شاری هەولێر پێشانگەکە بکرێتەوە بۆ تەواوکردنی ڕۆڵی خۆی لە پاڵپشتیکردن و ڕێکلامکردن بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی سعوودییە، ئەم بەشداریکردنەش درێژەپێدەری پەیوەندییە مێژوویی بازرگانی و ئابووریەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بڕیارە ئەمڕۆ 53 بنکەی بایۆمەتریی دەنگدەران لە هەولێر بکرێنەوە

بڕیارە ئەمڕۆ 21ی نیسان هەموو بنکەکانی بایۆمەتریی دەنگدەران لە سنووری پارێزگای هەولێر بکرێنەوە و سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانیش لە هەولێر دەڵێ، پێویستە هەموو دەنگدەرێک بەشداری لە پرۆسەکەدا بکات و ئەوانەیشی کارتیان ون کردووە کارتی نوێ وەربگرنەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

هەرێمی کوردستان جێگەی هیوا و متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە

خاتوو تینا ڕامێز، بەڕێوەبەری گشتیی یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی مەشقپێکردن و چاکسازی پرۆگرامە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان ستایشی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکات و دەڵێت: کوردستان جێگەی هیوا و متمانەیە و خەڵکەکەی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز و قارەمانن، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەمەوە بە هەموو توانایەکمەوە خزمەت بە خەڵکەکەی بکەم. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



خۆپیشاندانی «ئێلەگ زەردەکان» لەناوەندی پاریس بەردەوامە

خۆپیشاندەرانی ناڕازی ئێلەک زەردەکان لە پاریس جارێکی دیکە دەستیانکردەوە بە ڕێپێوان بە دروشمی ئەوەی دووبارە نۆژەنکردنەوەی کلێسای کاتدرائی نۆتردام تەنها کێشەیەک نییە کە وڵاتەکە پێویستە چارەسەری بکات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

کوردێک کاندیدە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی ئەڵمانیا

یوسف مەنتک نووسەرێکی ئەڵمانی کوردە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە وەک کاندیدی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دەستنیشان کراوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمەل کلۆنی

بووە نێردراوی بەریتانیا بۆ ئازادیی میدیایی

جیرمی هانت و ئەمەل کلۆنی لەسەر پلانێکی هاوبەشی یاسایی ڕێککەوتن لە پێناو بەرگریکردن لە دامەزراوەکانی میدیا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



قوتابخانە پیشەییەکان

لە نێوان گرنگی پێدان و پەراوێزخستندا

قوتابخانە پیشەییەکان ساڵانە پێشانگای تایبەت بە کاری دەستی قوتابیان و مامۆستایان دەکاتەوە و ئەمساڵیش سی و پێنجەمین پێشانگای ساڵانەی خۆی لە هۆڵی کۆچیرای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە پیشەییەکان کردەوە. **(ڕاپۆرتێک لە ل8 بخوێنەوە)**

پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح

جێگەی شانازییە وڵاتەکەمان لە ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیدا نموونەی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانە



بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح سەرۆک بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و سەرتاسەری جیهان کرد، لە بەشێکی پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی رایگەیاند: بۆنە و جەژنی پێکهاتەکانی کوردستان دەرفەتی باشن بۆ دووپاتکردنەوەی برایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و جێگەی شانازییە لە وڵاتەکەمان فەرهەنگی پێکەوەژیانی میژوویییەکی دێرینی هەیە و لە سایەی ئەو کولتوورە بالایەی خەڵکی کوردستانە کە، وڵاتەکەمان لە ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیدا نموونەیەکی دیاری پێکەوەژیانی پێکهاتە و ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێ بێت)، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی هەموو خوشک و برا مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و سەرتاسەری جیهان دەکەم. هیوادارم هەموو جەژنەکانیان لە خۆشی و شادی و کامەرانیدا بگێڕن.

بۆنە و جەژنی پێکهاتەکانی کوردستان دەرفەتی باشن بۆ دووپاتکردنەوەی برایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و جێگەی شانازییە لە وڵاتەکەمان فەرهەنگی پێکەوەژیان میژوویییەکی دێرینی هەیە و لە سایەی ئەو کولتوورە بالایەی خەڵکی کوردستانە کە، وڵاتەکەمان لە ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیدا نموونەیەکی دیاری پێکەوەژیانی پێکهاتە و ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانە.

لەم بۆنە پیرۆزەدا هیوای بەختەوەری و شادی بۆ خوشک و برا مەسیحییەکانم دەخوازم و هیوادارم ئەو بۆنەیە دەستپێکێک بێت بۆ نەمانی تووندڕۆیی و زوڵم و ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەمان و جیهاندا بکێشێت.

بمێنن بە خێر و خۆشی

مسعود بارزانی
20ی4ی2019

بارەگای بارزانی سەرەخۆشی لە وەکیل مستەفایۆف دەکات

بۆ خانەوادەی وەکیل مستەفایۆف..

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی وەکیل مستەفایۆف نووسەر و کەسایەتیی دیاری کوردی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوومان پێ گەییشت. خوالێخۆشبوو کەسێکی نیشتیمانپەروەر بوو کە خزمەتێکی گەورەی میژووی گەلی کورد کردووە و لە دەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی
20ی4ی2019

پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP 1946
PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێ بێت)

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامە، پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرجەم خوشک و برایانی مەسیحی لە کوردستان و جیهان دەکەین، ئاواتەخوازین ئەو جەژنەتان بەوپەڕی بەختەوەریی و ئارامیی و ئاسوودەیی بەسەربەن.

هیوادارین ئەو جەژنە موژدەبەخشی کۆتایی هێنان بێت بە کێشە و گیروگرفتەکانی خوشک و برایانی مەسیحی و پێکهاتە ئایینی و ئاییزاکانی دیکەو زیاتر هەوێنی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و تەبایی بێت.

لەو بۆنەیەدا دووبارە جەخت دەکەینەوە سەر بنەما رەسەنەکانی کولتووری دێرین و رەگداکوتاوی هەمەڕەنگیی لەڕووی نەتەوە و ئایین و ئاییزاکانەوە و بەبێ هەر جۆرە جیاکاریەک لە ئەرک و مافەکان، کە نەریت و کۆڵەگەیەکی راست و دروستی گەل و کۆمەڵگەی کوردستانییە و هیوادارین بەردەوام پتەوتر و بەهێزتر بێت.

دووبارە جەژنی قیامە لە خوشک و برایانی مەسیحی پیرۆز بێت، بەهیوای ژیانێکی ئارام و پڕ لە خێروخۆشی و ئاسوودەیی.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

حەشد بارەگەی حزبە کوردییەکان چۆڵ ناکات و خۆپیشاندانیش دژ بە کورد ڕێکدەخات

ناوچەی مەندەلی پارتی: هەوڵی زۆرمان دا تا بارەگەکانمان چۆڵ بکەن بەڵام بێ ئەنجام بووە

کۆمیتەی قەرەتەپەی یەکێتی: سوننە و شیعە لە دیالە بۆ دژایەتیی کورد هاوهەڵوێستن

لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت، بەڵام بارەگای هیچکام لە حزبە کوردییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دیالە نەکراونەتەوە، هۆکاری نەگەڕانەوەی حزبە کوردییەکانیش بۆ داگیرکردنی بارەگاکانیان لە لایەن حەشدی شەعبییەوە دەگەڕێتەوە کە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017وە تەواوی بارەگای حزبە کوردییەکان کەوتنە ژێر دەستی حەشدی شەعبی، لە کەرکووک و ناوچەکانی مەندەلی، جەلەولا، قەرەتەپە و سەعدیە و لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا گرووپە چەکدارەکانی عێراق دەستیانبەسەر بارەگەی حزبە کوردییەکاندا گرتووە. لە ئێستاشدا حەشدی شەعبی بەنیازە لە دژی گەڕانەوەی حزبە کوردییەکان بۆ ئەو ناوچانە، خۆپیشاندانی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامبدات، بە تایبەتی ئێستا پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت.

ئازاد حەمید، بەرپرسی ناوچەی مەندەلی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: بارەگامان لە مەندەلی نەکردووەتەوە، چونکە حەشد و پۆلیسی فیدرالی بارەگاکانیان داگیرکردووین. گوتیشیەتی: هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی بارەگاکانمان چۆڵ بکەن، بەڵام هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بووە.

هەروەها محەمەد عومەر، بەرپرسی کۆمیتەی قەرەتەپەی یەکێتی، ڕایگەیاند: هێزی بەدر بارەگاکەمانی لە قەرەتەپە داگیرکردووە، بۆیە تا ئێستا نەگەڕاوینەتەوە. کۆنترۆڵکردنی بارەگای حزبە کوردییەکان لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، تەنها پارێزگای دیالەی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو پارێزگەکانی تریشی گرتووەتەوە، بە تایبەتی بینای پێشووی مەڵبەندی سەڵاحەدینی یەکێتی لە ئێستادا عەسایب ئەهلولحەق و بینای لقی کەرکووکی پارتیش دژەتیرۆری عێراقی تێدایە. لە لایەکی دیکەوە دژی گەڕانەوەی حزبە کوردییەکان بۆ ناوچەکانی پارێزگای دیالە، بریارە ئەمڕۆ یەکشەمە لە ناحیەی قەرەتەپەی سەر بەو پارێزگایە خۆپیشاندان ئەنجامبدرێت، بەرپرسانی کوردیش دەڵێن: دەستی گرووپە شیعییەکان و عەرەبەکانی جەلەولا لە پشت جوڵاندنی مەسەلەکەوەیە. سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ناحیەی قەرەتەپەی پارێزگای دیالە کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، ڕایگەیاندووە: خۆپیشاندانەکە دژی گەڕانەوەی حزبی کوردی و بەدیاریکراوی کۆمیتەی یەکێتییە، چونکە ئەوان وا دەزانن کورد بگەڕێتەوە دەسەڵاتیان نامێنێت. گوتیشی: بینایەکی ڕووخاو دیاریکراوە بۆ ئەوەی بارەگای یەکێتی بۆ ببڕێتەوە، چەند شەوێک لەمەوبەر بۆمبێک لەنێو بیناکەدا تەقیوەتەوە. ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژی گەڕانەوەی بارەگای حزبە کوردییەکان لە قەرەتەپە، لەکاتێکدایە پێشتریش هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە جەلەولاش بۆ هەمان مەبەست دراوە. محەمەد عومەر، بەرپرسی کۆمیتەی قەرەتەپەی یەکێتی، ڕایگەیاندووە: لە هەموو عێراق سوننە و شیعە نەیاری یەکترین، کەچی لە دیالە بۆ دژایەتیی کورد هاوهەڵوێستن. گوتیشی: ئەوان وا دەزانن بارەگای حزبەکان بگەڕێنەوە، ئیتر کورد و پێشمەرگەش دەگەڕێنەوە و پێگەیان لاواز دەبێت.

بەغدا.. کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق دەستپێکرد



دوێنێ شەمە 2019/4/20 لە شاری بەغدا، کارەکانی کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق بە بەشداری شاندی شەش وڵاتی دراوسێ لە ژێرناوی "عێراق - سەقامگیری و گەشەپێدان"، دەستپێکرد. لە کۆنگرەکەدا، سەرۆک پەرلەمانەکانی هەریەک لە سعوودیە، کوێت، ئوردن، تورکیا، سووریا تیادا بەشداری دەکەن. سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی لە کۆنگرەکەدا ئامادە نییە، بەڵام نوێنەرەکەی تیایدا بەشداراە. ئەمەش یەکەمجارە کۆنگرەی سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە شاری بەغدا ساز دەکرێت.

لە کۆنگرەی سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق، گەنگەشەی چەند پرسێک دەکرێت لەوانە چۆن عێراق بنەمای خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکییە سیاسییەکان لە ناوچەکە پەیڕەو بکات بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە پرسی سووریاوە. هەر لەکۆنگرەکەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوایکرد، وڵاتانی دراوسێ بۆ لەنێوبردنی هەزری تیرۆر و ئاوەدانکردنەوە هاوکاری عێراق بکەن.

هەروەها گوتی: عێراق سووڕە لەسەر پاراستنی سەقامگیری دراوسێکانی و بۆ ئەو مەبەستە هاوکار دەبێت لەگەڵیان.

تینا رامێز بۆ «خەبات»: ناتوانم کوردستان و خەڵکەکەیم خۆش نەوێت

هەرێمی کوردستان جێگەی هیوا و متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە



خەبات - مەریوان نەقشبەندی

خاتو تینا رامێز، بەڕێوەبەری گشتیی یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی مەشقپێکردن و چاکسازی پڕۆگرامە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان ستایشی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکات و دەڵێت: کوردستان جێگەی هیوا و متمانەیە و خەڵکەکەی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز و قارەمانن، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەمەوە بە هەموو توانایەکمەوە خزمەت بە خەڵکەکەی بکەم.

خاتو تینا رامێز، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی (هارد وایرز) کە یەکێکە لە کاریگەرترین ڕێکخراوەکانی بواری مەشقپێکردنی سەرکردە و مامۆستایانی کۆمەڵگە و لە چەندین وڵاتی دنیا چالاکی و خولی بەردەوامیان هەیە بۆ چاکسازی بواری پەروەردە و پێکەوەژیان، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: من ساڵانێکە سەردانی کوردستان دەکەم و بە سەدان بەرپرس و کەسایەتی چین و تۆێژە جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگەیەم بینیوە و لە ڕێگەی خولەکانی ڕێکخراوەکەمەوە کاریان لەگەڵ دەکەم بە تایبەتیش لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی و چاکسازی لە بواری پڕۆگرامەکانی پەروەردە و مەشقپێکردنی مامۆستایانی قوتابخانەکان گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردستان جێگەی هیوا و متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە لەسەر ئاستی ڕەسمی و جەماوەری دیدار و گفتوگۆم هەبووە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هەموو دنیا ڕێز لەو باوەشە گەرمەی خەڵکی ئەم هەرێمە بۆ ئاوارەکانی دەشتی نەینەواو و ئاوارەکانی دیکە دەگرێت.

لە دریژەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات خاتوو (تینا رامێز) باس لە ئارامی شاری هەولێر و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بۆ ژیان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات و دەڵێت: کاتێک قسە لەگەڵ مامۆستا و منداڵانی کوردستان دەکەم کاتێک قسە لەگەڵ شۆفێری تاکسی و لە خەڵکی ئاسایی دەکەم کاتێ شەونخونی و ئازایەتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی کوردستان دەکەم کە ئەم ئارامی و سەقامگیریەیان لەم ناوچە پڕ لە کێشەی سیاسی و ئابووری و مەزهەبییەدا دروست کردووە ناتوانم کوردستان و خەڵکەکەیم خۆش نەوێت، ناتوانم بە چاوی ڕێزەوە سەیری خۆراگریان بەرامبەر ئەو هەموو کارەسات و بەربەستانە کە دێتە ڕێیان نەگرم.

لەبارەی پڕۆژەی ئێستا و ئایندەی لە ناوچەکەدا خاتوو تینا رامێز گوتی: ئێستا پڕۆژەیەکی گەورەم هەیە لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا لەو شوێنانەی تازە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە، ئەویش مەشقپێکردنی نزیکەی 40 هەزار مامۆستای قوتابخانەکانە و هیوادارم لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان و لایەنە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کار بکەم بۆ ئەوەی پلانی مەشقپێکردن و ڕاهێنان بە سەرجەم مامۆستایانی قوتابخانەکان و مامۆستایانی ئایینیش دابنێین کە بەپێی پلانەکەی من لە نێوان 4 بۆ 5 ساڵدا دەتوانین ئەم پڕۆسەیە بەجێبگەیەنین ئەگەر هەماهەنگی و هاوکاری پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بەدەست بێنین.

بە هیچ شێوەیەک پارتی هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت نییە

ئەحمەد کانی: پارتی تا ئەوپەڕی توانای خۆی نەرمی نواندووە



ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئیستحقاقی پارتی دیموکراتی کوردستان کە 45کورسی هێناوە زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر پارتی نەرمی نواندووە و زیاد لە ئیستحقاقی خۆمانیش دراوەتە دوو لایەنەکەی تر، گۆران و یەکێتی.
بەڵام هەندێک لایەن کە ئێستا بە بیانوون بۆ ئەوەی حکوومەت پێکنەیەت، ئەگەر بیانووی ئەوانە نەبوایە، دەبوو تا ئێستا حکوومەت پێکبهاتایە، وادیارە لەبەر حەساسیەتی نێوان خۆیان دەبینین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرەڕای سەرۆکی پەرلەمان، داوای جێگری سەرۆکی هەرێمیش دەکات، لە بەرانبەریشدا بزووتنەوەی گۆڕان، جێگری سەرۆکی هەرێمی هەڵبژاردووە.
ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەت رایگەیاندووە: هەروەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە کردنەوەی پێشانگەی کتێب لە هەولێر فەرمووی کە ئیتر ناتوانین لەوە زیاتر چاوەڕێی هیچ لایەنێک بکەین، ئەوە زیاتر لە شەش مانگە حکوومەت پێکنەهاتووە، ئومێد دەکەین لە چەند رۆژی ئایندەدا کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام بەدڵنیایی کێشەکە لای پارتی دیموکراتی کوردستان نییە.
ئەحمەد کانی، گوتیشی: ئیستحقاقی پارتی دیموکراتی کوردستان کە 45 کورسی هێناوە، واتە لە 45% زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر پارتی نەرمی نواندووە. بە هیچ شێوەیەک پارتی هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم نییە، دەبێت هەر لایەنێک بەپێی ئیستحقاقی خۆی بێت، بەڵام ئەوەی گومان لێی دەبێت، ئێستا زۆر زیاتر لە ئیستحقاقی خۆیان بەو لایەنانە دراوە، هۆکاری دواکەوتنی حکوومەت پارتی دیموکراتی کوردستان نییە و باشترواییە لەوە زیاتر گوشار نەخرێتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە پارتی نییە کە داواکاری هەبێت یا زیاد لە ڕادەی ئیستحقاقی خۆی داوای کردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەرمی زۆری نواندووە.
ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: ئەگەر بیانووی ئەوانە نەبوایە، دەبوو تا ئێستا حکوومەت پێکبهاتایە، تەئکید دەکەمەوە کە هۆکاری پێکنەهێنانی حکوومەت، پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، پارتی تا ئەوپەڕی توانای خۆی نەرمی نواندووە.
سەبارەت بەوەی پارتی هیچ هەوڵێکی داوە نێوەندگیری لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا بکات و لێکیان نزیک بکاتەوە، ئەحمەد کانی دەڵێت: بێگومان پارتی کە بەردەوام هەموو رۆژ لای ئەو لایەنانەیە، لای گۆڕانە، لای یەکێتییە، هەمووی بۆ ئەوەیە کە زەمینەیان بۆ ساز بکات و بێنە ناو حکوومەت، هاوکات بۆ ئەوەشە زەمینەسازی دروستبکات بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەو لایەنانە و نەهێشتنی رکابەری و حەساسیەتی نێوانیان، بەردەوام پارتی هەوڵ دەدات لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەیان، چونکە نەهجی پارتی تەبایی و یەکڕیزی نێوان لایەنەکانە، مەسەلەیەکی جەوهەریان هەیە مافی کورد و نێومالّی کوردە، داوای مافەکانی میللەتی خۆمان دەکەین، دەبێت بنەمای یەکڕیزی و تەبایی و لێکتێگەیشتنی ناوخۆییمان هەبێت، لەبەر ئەوە بەردەوام پارتی لە هەوڵدایە.



لە ئەڵمانیا کوردێک کاندیدە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی

یوسف مەنتک نووسەرێکی ئەڵمانی کوردە لە شاری لۆدڤیگس هافن و بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە وەک کاندیدی پارتی سەوزی ئەڵمانیا دەستنیشان کراوە کە بڕیارە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوە بچێت.
یوسف مەنتک بە مالّپەڕی "وشە"ی ڕاگەیاندووە، لە شاری لودڤیگس هافن کاندیدم بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی ئەو شارە کە بڕیارە 26ی مانگی داهاتوو "ئایار" بەڕێوە بچێت و ژمارەکەیشم لەناو لیستەکە 51ـە.
دەشڵێت: لە پۆستەری ریکلامەکەم دروشمی "ئازادی لێرە لەمالّەوەیە"م نووسیوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، مرۆڤ لەو شوێنەی لێی دەژی ئازادی هەیە، واتا دەبێت مرۆڤ ئازادی هەبێت.
ئەو بەربژێرە کوردە ئەندامی حزبی سەوزی ئەڵمانییایە و وەک خۆی هێمای بۆ دەکات، پارتی ئێمە کار بۆ بەیەکەوەژیان، مافی خێزان، ژینگەپارێزی، مافە کۆمەڵایەتییەکان، ئاشتی، ئازادی، فڕێنەدانی پلاستیک، دەکات. یوسف مەنتک یەک لە نووسەرە ناسراوەکانی ڕەوەندی کوردییە لە دیاسپۆرا و یەکێکە لە نوێنەرانی کورد لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرد کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناساندنی کورد لەو پێشانگایەدا.

پارتی ژمارەیەک پۆستی لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەردەگرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: فراکسیۆنەکەیان هیچ کێشەیەکی لە دانانی پۆستی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنەکەدا نییە و 6 پۆست وەردەگرێت.
شێروان دووبەردانی، لە لێدوانێکدا بە مالّپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە کە فراکسیۆنی پارتی هیچ کێشەیەکی لە دابەشکردنی پۆستی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرادا نییە و پارتی مافی خۆی وەک ئیستحقاقی هەڵبژاردن وەردەگرێت، کە ئێمە 25 کورسیمان هەیە، بەپێی مافی خۆشمان پۆستی لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەردەگرین. ناوبراو ئاماژەیشی دا، مافی پارتی 6 پۆستە، لە سەرۆک و جێگر و بڕیاردەرەکان و بڕیاریشە بە سازان لەگەڵ سوننە و شیعەکان هەموو لیژنەکان دابەش بکرێن. بەگوتەی دووبەردانی، پارتی سەرۆکایەتیی یەک لیژنەی سیادیی بەردەکەوێت و چاویشی لە لیژنەی خزمەتگوزارییە و هەروەها دوو جێگر و دوو بڕیاردەریش وەردەگرێت.

تاوانبار پێشینەی لە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان هەیە و جارێکی دیکەش دەستگیرکراوە

ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێکی بیانی بڵاوکردەوە



بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێکی بیانی، لەلایەن شۆفێرێکی تاکسیەوە، بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەی ئاسایشی هەولێر هاتووە: شەوی 1ی4ی2019 ئافرەتێکی هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانی، تەکسییەک ڕادەگرێت بۆ ئەوەی بیگەنێتە شارۆچکەی عەنکاوە، بەڵام شۆفێری تاکسییەکە بە ناوی (فاخر حەمەد حەیدەر) تەمەن 48 ساڵ، بەپێی دانپێدانانی خۆی، ئافرەتە سەرنشینەکە دەباتە چۆڵەوانییەکی سنووری قەزای بنەسلاوە و بە چەقۆ هێرشی دەکاتەسەر و هەڕەشەی کوشتنیشی لێ دەکات، دواتر لەژێر گوشاردا دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر ئافرەتەکە و لە چۆڵەوانییەک بەجێی دەهێڵێت.
ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:
لەسەر سکاڵای هاوڵاتییەک، کە دەستدرێژی کرابووە سەر، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و توانیان تاوانباری دەستدرێژیکار دەستگیر بکەن و ڕادەستی دادگای بکەن. کاتژمێر 12:55 خولەکی شەوی 1ی4ی2019 ئافرەتێکی هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانی، تەکسییەک ڕادەگرێت بۆ ئەوەی بیگەنێتە شارۆچکەی عەنکاوە، بەڵام شۆفێری تاکسییەکە بە ناوی (فاخر حمد حیدر)ی تەمەن 48 ساڵ، بەپێی دانپێدانانی خۆی کە لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندراوەدا بڵاوکراوەتەوە، ئافرەتە سەرنشینەکەی دەباتە چۆڵەوانییەکی سنووری قەزای بنەسلاوە، بە چەقۆ هێرشی دەکاتەسەر و هەڕەشەی کوشتنیشی لێ دەکات، دواتر لەژێر گوشاردا دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر ئافرەتەکە و لە چۆڵەوانییەک بەجێی دەهێڵێت.
تاوانبار (فاخر) پێشینەی لە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان هەیە و ساڵی 2017 بە هەمان شێوە دەستدرێژی کردبووە سەر ئافرەتێکی عەرەب، بەو هۆیەوە سزا یاساییەکەی بەندکردن بووە و دواتر ئازاد بووە.
بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر
2019/4/20

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان وەڵامی پەرلەمانتارێکی عێراق دەداتەوە

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
أقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية و الاقتصاد
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF FINANCE & ECONOMY

ڕاگەیاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە لێدوانی پەرلەمانتارێکی عێراق لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمدا ئاماژە بەوە کراوە، حکوومەتی بەغدا بۆ مانگی 1 و 2ی2019 بڕی 317 ملیار دیناری ناردووە بۆ هەرێم و بەوەش موچەی مانگەکانی 10 و 2018/11ی پێ دابەشکراوە بە سیستەمی پاشەکەوت.
وەزارەتی دارایی ڕاشیگەیاندووە، مانگانە حکوومەتی هەرێم لە نێوان 5ی مانگ تا 25ی مانگ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان دابەش دەکات.
ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:
ئەمڕۆ هەینی لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا پەرلەمانتاری عێراق د. ڕێبوار کەریم ڕایگەیاندبوو: حکوومەتی هەرێم پارەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە لە بەغداوە هاتووە بۆ شتی تر خەرجکردووە و بەپێی زانیارییەکانمان داوایانە بە پارەی وەبەرهێنەران، وەک وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوەت ئەم چەند خاڵە بخەینە بەرچاوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزە و هاوواڵاتییانی کوردستان کە ئەو پارەیە لە چیدا خەرجکراوە.
1-حکوومەتی هەرێم مانگانە لە 5ی مانگەوە موچەی دابەشکردووە و ئەم مانگە ئەو ڕۆژە کەوتە هەینییەوە و دوو ڕۆژ دواکەوت.
2-حکوومەتی بەغدا بۆ مانگەکانی 1و 2019/2 بڕی 317 ملیار دیناری ناردووە بۆ هەرێم و بەوەش موچەی مانگەکانی 10 و 11/ 2018ی پێدراوە بە سیستەمی پاشەکەوت.
3-لە مانگی 3دا بڕی 453 ملیار دینار هات کە موچەی مانگی 12/2018ی پێدراوە بێ پاشەکەوت کە موچە بێ پاشەکەوت پێویستی بە 881 ملیار دیناڕە مانگانە و بڕی 200 ملیار دینار بۆ تەواوکاری مانگەکانی 1 و 2 هاتووە کە بۆ موچەی وەزارەتی پێشمەرگە و دەرمالە و فەرقی موچەی موچەخۆران بەکارهاتووە و بە هیچ شێوەیەک بۆ هیچ بابەتێکی تر بە کار نەهاتووە و تەواوی ئەو قسە و هەواڵە ناڕاستانە ڕەت دەکەینەوە و هیچ بنەمایەکی نییە.
مانگانە حکوومەتی هەرێم لەنێوان 5ی مانگ تا 25ی مانگ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان دابەش دەکات و ئەم مانگەش 23ی 4 کۆتا ڕۆژی دابەشکردنی موچەی ئەم مانگەیە. لەگەڵ ڕێزدا
ڕاگەیاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری
2019/4/19



سبەی پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بیناسازی بەڕێوەدەچێت

22 کۆمپانیای سعوودییە بەشداری لە پێشانگەکەدا دەکەن

ئەمساڵ 22 کۆمپانیای سعوودییە بەشداری دەکەن لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر تایبەت بە بواری بیناسازی و بونیادنان و ئامێری و بەردی سروشتی.

بڕیارە سبەی 22 تا 24ی نیسانی 2019 لە شاری هەولێر پێشانگەکە بکرێتەوە بۆ تەواوکردنی ڕۆڵی خۆی لە پاڵپشتیکردن و ڕێکلامکردن بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی سعوودییە و زیادکردنی بەشی بازاڕی لە بازاڕە جیهانییەکان کە لەمیانەی دیدگای شانشینی سعوودییە دێت بۆ ساڵی 2030 و ئامانجەکانی بۆ زیادکردنی ڕێژەی هەناردە نانەوتییەکان لە 16% بۆ 50%ی تێکڕای بەرهەمە ناوخۆییەکان، ئەم بەشداریکردنەش دڕێژەپێدەری پەیوەندییە میژوویی بازرگانی و ئابووریییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە.

ئامانج لەم هەموو بەشداریکردنە پتەوکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان و کردنەوەی کەناڵی هەناردەکردنی نوێیە بۆ کۆمپانیا سعوودییەکان لە بازاڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی لە عێراقدا، چونکە شانشینی عەرەبی سعوودییە بەمدواییە پەڕۆشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانیی نێوانیان و هەوڵدەدات بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی پەیوەندیی برایەتی میژوویی نێوانیان، لەم ڕووەوە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پتەوکردن و ئاسانکاریکردنی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق و بە نیازە لە ڕێگای دەستەی هەناردەکاری سعوودییە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەروازەیەکی نوێ لە خاڵی سنووری عەرعەر بە شێوەیەکی ئەزموونی بکاتەوە بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات. شایەنی باسە، هەناردەکانی سعوودییە بۆ عێراق جگە لە بەرهەمە نەوتییەکان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا گەیشتە 10 ملیار ریالی سعوودی و لە ساڵی 2018 گەیشتە 2، 4ملیار، ریالی سعوودی.

محەمەد شەریف ڕێکخەری پێشانگاکە ڕونیکردەوە: خۆشحاڵین بەکردنەوەی پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی لە شاری هەولێرو بە باشترین شێواز زۆربەی کۆمپانیاکان خۆیان ئامادەکردووە بۆ کردنەوەی ئەو پێشانگایە، کە بڕیاروایە ڕۆژی 22ی ئەو مانگە لە هەولێر بکرێتەوەو لەناو پێشانگاکە هەر وڵاتەو خەریکی ڕێکخستنی شوێنەکەیەتی تا ئەو کەلوپەلانەی کە نمایشی دەکات پیشانی هاوڵاتیانی کوردستانی بدات، دیارە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری لەو پێشانگایەدا دەکەن خاوەن ئەزموونن و بەرهەمەکانیانی ستانداردی نێودەوڵەتییە.

پاشان هەردی عومەر بەڕێوەبەری کارگێڕی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێریش ڕونیکردەوە: لەو پێشانگایەدا 50 کۆمپانیای خۆمالی بەشداریان کردووەو ڕۆڵی کارایان دەبێت لە پێشانگاکەداو هەوڵ دەدرێ کەلەو پەلی کوالیتی ستانداری جێهانی لە پێشانگاکەدا نمایش بکرێت.



16 کەس خۆیان بۆ پاریزگاری نەینەوا کاندید کردووە

ئەلجەزیرا: دەستوەردانێکی بەهێزی سیاسی هەیە بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە

لەوەتەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی پاریزگاری نەینەوا کراوەتەوە، 16 کەس خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە، بەپێی لێدوانێکی ئەندامی ئەنجوومەنی پاریزگای نەینەوا شێخ بونیان ئەلجەزیرا دەستێوەردانێکی بەهێزی سیاسی هەیە بەتایبەت لە پاریزگاکانی دیکەوە بۆ پۆستەکە و پڕکردنەوەی هەیە.

لەنێو 16 کەس کە خۆیان بۆ پۆستی پاریزگاری نەینەوا کاندید کردووە تەنها یەک ئافرەت هەیە. جەزیرا لەوبارەیەوە ڕوونی کردەوە لەو ڕۆژەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئەو پۆستە کراوەتەوە کە ڕۆژی 15ی ئەم مانگە بوو تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ پۆستی پاریزگاری نەینەوا کاندید کردووە گەیشتوونەتە 16 کەس، لەنێو ئەو ژمارەیەشدا یەک ئافرەت هەیە.

هەروەها گوتیشی پێشبینی دەکەم ئەو ژمارەیە زیاتر ببێت، چونکە هێشتا چوار ڕۆژ بۆ خۆ کاندید کردن بۆ پۆستەکە ماوە. سەبارەت بە بوونی دەستوەردان شێخ بونیان ئەلجەزیرا ڕایگەیاند دەستێوەردانێکی زۆری سیاسی هەیە بۆ دانانی کاندیدی دیاریکراو، چەند لایەنێک دەستوەردان دەکەن و هەروەها لە دەرەوەی پاریزگای نەینەواش هەوڵەکان چڕکراونەتەوە و دەستوەردان هەیە، ئومێد دەکەین کەسێکی شیاو بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێت کە خزمەتی خەڵکی پاریزگای نەینەوا بکات.

پاش کارەساتی بەلەمەکەی مووسڵ لە ئاوی دیجلە کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 117 کەس و هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمیی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی مووسڵ بەتایبەت پاریزگار گەرێنرایەوە، 24ی ئادار ئەنجوومەنی پاریزگای نەینەوا پاریزگار نەوفل سوڵتان ئەلعاگوبی لەسەر کارەکەی لابرد. شایەنی باسە لە ڕاگەیەنراوێکدا 14ی ئەم مانگە ئەنجوومەنی پاریزگای نەینەوا ڕایگەیاند لە 15ی مانگەوە دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی پاریزگاری نەینەوا دەکرێتەوە و بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.



ئەمەل کلوونی بە نێردراوی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ ئازادیی میدیایی دەستنیشانکرا

کارزان حەیدەر:

جیرمی هانت و ئەمەل کلوونی لەسەر پلانێکی هاوبەشی یاسایی ڕێککەوتن لە پێناو بەرگریکردن لە دامەزراوەکانی میدیا. بەپێی ئەو زانیارییانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بڵاوی کردووەتەوە، ساڵی 2018 خوێناویترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان، لەو ساڵەدا 99 ڕۆژنامەنووس کوژراون و 348ی دیکەش دەستگیرکراون، 60 ڕۆژنامەنووسیش وەکو بارمتە کەوتوونەتە دەست گرووپە چەکدارە نایاساییەکان. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئەمەل کلوونی وەکو نێردراوی تایبەتی خۆی بۆ ئازادی میدیایی و سەرۆکی نوێی لیژنەی پسپۆرە یاساییەکان دەستنیشان کرد، لیژنەکە کە لە پسپۆر و شارەزایانی یاسا پێکهاتووە و پشتیوانی لە وڵاتان دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا کۆن و وەحشیگەرانەکانیان، هاوکات پەرەپێدانی یاسایەک بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان.

جیرمی هانت وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەگەڵ ئەمەل کلوونی نێردراوی تایبەت بە ئازادی میدیایی کار بۆ دروستکردنی لیژنەیەک دەکەن لە پسپۆرانی یاسا لەپێناو ڕووبەڕووبونەوەی یاسا وەحشیگەرانەکانی ڕێ لە ڕۆژنامەنووسان دەگرێ بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن.

ئەو لیژنە پسپۆرە کە لە یاسا ناسانی زۆر بە توانای وڵاتەکە پێکهاتوون، هەوڵە یاساییەکان دیراسەت دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتان بتوانن پشتیوانی بکەن لەپێناو باشترکردنی ئازادی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەمەل کلوونی کار لە بواری مافی مرۆڤ دەکات، ئەو پێیوایە ئەو هەڵمەتە کاریگەری ڕاستەقینە لە ڕۆژنامەنووسان دەکات کە پشت بە کارەکانیان دەبەستن. کلوونی شارەزایی خۆی لە سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکە بەکار دێنێت کە باشترین عەقڵەکانی یاسایی لە جیهان لەخۆگرتووە بۆ پەرەپێدانی ئامرازە یاساییەکان و ڕێگەگرتن لە دەستدرێژیەکانی میدیا و بەپێچەوانەوەش.

ئەمەل کلوونی پارێزەری نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ گوتی: شەرەفمەندم وەک نێردراوی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ ئازادی میدیا دەستنیشان کراوم، بەتایبەت کە سەرۆکایەتیی تیمێکی پسپۆر و شارەزا لە یاسا دەکەم کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدان. لە چوارچێوەی کارە یاساییەکانم بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان، بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەو ڕێگایانەم بینی کە ڕۆژنامەنووسان لێی دەکرێنە ئامانج لە بەندکردن، هاوکات هەوڵی بێدەنگ کردنیان دەدرێت و ڕێ لە دامەزراوە میدیاییەکان دەگیرێت. پێشوازی لەو گرنگی پێدانەی بەریتانیا دەکەم بەو پرسە لە کاتێک ڕۆژنامەنووسان دووچاری کوشتن و بەندکردن دەبنەوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا لە جیهان، کلوونی تیشکی خستە کارەکان و هەوڵە یاساییە نوێکان کە دەکرێت یارمەتیدەر بێ بۆ گرەنتی وەڵامدانەوەیەکی نێودەوڵەتی زۆر چالاک. ئامانجی هەڵمەتە جیهانییەکە لەبارەی ئازادی میدیا تیشک دەخاتە سەر دەستدرێژییەکانی میدیا و بەپێچەوانەوەشەوە تووندوتیژی دژی ڕۆژنامەنووسان.

ڕاگەیاندنی Oday دوای کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئازادیی میدیایی هات کە بڕیارە لە بەریتانیا 10 بۆ 11ی یولیۆ بەڕێوەبچێت و حکوومەتی کەنەدا میوانداری بکات. کۆنگرەکە سەرۆکی وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا کۆدەکاتەوە بۆ گۆڕینەوەی پیادەکردنی یاسایەکی نوێ لەبارەی ئازادیی دەزگاکانی میدیا، لەگەڵ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەنێوان تەواوی ڕاکان بۆ ئەو ڕێکارانەی ڕۆژنامەنووسان دەپارێزێت .



ئەکرەم ئێمام ئۆغلۆ وەک سەرۆکی نوێی شارەوانی ئیستەنبوڵ دەستبەکاربوو

HRW: لە گرتووخانەکانی مووسڵدا ئەشکەنجەدان بەردەوامە

لە گرتووخانەکانی عێراق دەستبەسەرکراوان دووچاری ئەشکەنجەی جۆراوجۆر بوونەتەوە

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (HRW)؟ هۆشداری ئەوەی دا کە سەرەڕای ئاگاداریەکانی پێشتر لە گرتوخانەکانی شاری مووسڵ ئەشکەنجەدان دردۆزی هەیە. لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری مافەکانی مرۆڤەوە بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی `لە مووسڵ لە گرتووخانەکاندا پێداگرانە ئەشکەنجەدان بەردەوامە، باس لەوە کراوە کە لە گرتووخانەکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەستبەسەرکراوان دووچاری ئەشکەنجەی جۆراوجۆر بوونەتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئیفادەی زیندانیەک خراوەتەڕوو کە لە سەرەتای 2019دا ئازاد کراوە و بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە ناوەکەی بڵاونەکراوەتەوە. ڕێکخراوی چاودێری نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ بە بیری هێناوەتەوە کە سەبارەت بە هەمان بابەت لە ئابی 2018 ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە. ڕێکخراوەکە بە پشتبەستن بە گوتەی دوو دەستبەسەرکراو لە کاتی لێپرسینەوەدا و باوکێک کە کوڕەکەی لە دەستداوە ویستوویەتی سەبارەت بەم دەنگۆیانە پەیوەندی بە وەزیری دەرەوە، محەمەد ئەلحەکیم و سەرپەرشتیاری وەزارەتی ناوخۆوە جەمال ئەلئەسەدییەوە بکات بەڵام وەڵامیان نەداونەتەوە. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا پرسیاری نوێنەری ڕێکخراوەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاما فاکیھ خراوەتە ڕوو کە پرسیوویەتی ئەگەر حکوومەتی عێراق ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بە ئەشکەنجەدان ڕەتبکاتەوە با کەس گومانی لەوە نەبێت کە بەردەوامە لە نکۆلیکردن لە پێشێلکارییەکان. ئەگەر بەرپرسانی عێراقی دەنگۆکانی ئەشکەنجەدان بە هەند وەربگرن، چییان لەدەست دەچێت؟.



رۆژهەلاتی کوردستان...

لەماوەی سێ ڕۆژدا 5 هاوواڵاتی کورد لەسێدارەدران

لەراگەیاندراوێکدا ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، لەماوەی 3 ڕۆژدا پێنج هاوواڵاتیی کورد لە بەندیخانەکانی ئیلام، کرماشان و زەنجان لەسێدارە دراون. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوەش کردووە "لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا لە ئێران پێنج هاوڵاتی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە". ڕێکخراوی هەنگاو ڕاشیگەیاندووە "بەردەبەیانی ڕۆژی پێنج شەمە 18ی نیسانی 2019 حوکمی سێدارەی هاوواڵاتییەکی کورد لە بەندیخانەی دیزەڵئاوای کرماشان جێبەجێ کراوە. هەروەها ڕێکخراوەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە بەندکراوەکە بەتۆمەتی کوشتنی ئەنقەست حوکمی سێدارەی بە سەردا سەپاوەو هاوکات لەسێدارەدانی ئەو بەندکراوە هەتا ئێستا لە هیچ میدیایەکی حکومەتی و مافی مرۆڤی بڵاو نەبووەتەوە. لەبەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە "سێ هاوڵاتی دیکەی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، کە لە بەندیخانەی ئیلامدا زیندانن و تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەستیان خراوەتە پاڵ". هەروەها دەشڵێت، بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە سەرەتای ساڵی 2019ەوە هەتا ئێستا، حوکمی سێدارەی 11 بەندکراوی کورد کە بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست بەسەریاندا سەپاوە، لە بەندیخانەکانی ئێران جێبەجێ کراوە.



خۆپیشاندانی «ئێلەگ زەردەکان» لەناوەندی پاریس بەردەوامە

خۆپیشاندەران هەوڵیان دا بچنە ناو کۆشکی سەرۆکایەتیەوە

خۆپیشاندەرانی نارازی ئێلەگ زەردەکان لە پاریس جارێکی دیکە دەستیانکردەوە بە ڕێپێوان بە دروشمی ئەوەی دووبارە نۆژەنکردنەوەی کلێسای کاتدرائی نۆتردام تەنها کێشەیەک نییە کە ولاتەکە پێویستە چارەسەری بکات. دوێنێ شەمە هێزە ئەمنییەکانی فەرەنسا بە ژمارەیەکی زۆر لەپاریس بڵاوبوونەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری تووڕەیی خۆپیشاندەرانی نارازی ناسراو بە ئێلەک زەردەکان و پۆلیس دەڵێت 126 کەس لەدەوروبەری نیوەڕۆدا دەستبەسەرکراون. هاوکات ئێلەک زەردەکان چەند خۆپیشاندانیکی دیکەشیان لەدەوروبەری پاریس سازکردبوو دژی نادادپەروەری و نایەکسانی دەوڵەمەندەکان و سەرۆکایەتییەکەی ئیمانوێل ماکرۆن. هەروەها بەگوێرەی میدیاکان، خۆپیشاندەران دروشمی شۆڕش و چەند دروشمێکی دیکەیان لەدژی سیاسەتەکانی ئیمانوێل ماکرۆن، دەگوتەوە و، داوای دەست لەکارکێشانەوەی کریستۆف کاستانێر، وەزیری ناوخۆیان دەکرد. بەگوێرەی پەیامنێری ئاژانسی "ڕووسیا تودەی"، خۆپیشاندەران شووشەی هەموو ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانیان شکاند، لەبەرامبەردا پۆلیس گازی فرمێسکڕێژی بەچڕی بەکاردەهێنا.

هەروەها بەگوێرەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، گروپێکی 200 کەسی لە ئێلەک زەردەکان لە پاریس هەوڵیاندابوو خۆیان بکەن بە کۆشکی سەرۆکایەتی ئەلیزا لەناوەڕاستی پاریس بەڵام پۆلیس ڕێگری لێکردبوون. هاوکات گروپێکی دیکە لە بەردەم وەزارەتی دارایی لە ڕۆژهەلاتی پاریس گردبوونەوە داوای کەمکردنەوەی باجیان دەکرد لەسەر کرێکاران و فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی باج لەسەر دەوڵەمەندەکان.

وەزیری ئیتلاعاتی ئێران:

290 سیخوڕی CIAمان دەستنیشانکردوون

وەزیری ئیتلاعاتی ئێران، مەحمود عەلەوی ڕایگەیاند کە لە ئێران و ژمارەیەک وڵات 290 سیخوڕیان دەستنیشانکردون کە سیخوڕیان بۆ ڕێکخراوەی هەوالگری ناوەندی ئەمریکا "CIA" کردووە. تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاند کە عەلەوی لە تاران ئاماژەی بەوە داوە هێزە هەوالگرییەکانی ئێران 290 سیخوڕیان دەستنیشانکردون کە لە ئێران و ژمارەیەک وڵات سیخوڕیان بۆ ڕێکخراوەی هەوالگری ناوەندی ئەمریکا کردووە. هەروەها گوتوویەتی: لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ئالۆزدا بەرامبەر هەوالگری ئەمریکا 290 سیخوڕمان دەستنیشانکردون کە لە ئێران و ژمارەیەک وڵات سیخوڕیان بۆ سی ئای ئەی کردووە. ئەو زانیاریانەمان بە دەزگا هەوالگرییەکانی وڵاتانی دۆست داوە و لە زۆرێکیان سەرچاوە هەوالگرییەکانی سی ئای ئەی دەستگیر کراون.

ئێران... ئەکادیمیسیێنێک بە 13 ساڵ زیندانیکردن سزا درا

13 ساڵ سزای زیندانیکردن بەسەر ئەکادیمیسیت کەمال جەعفەری سەپێندرا بە بیانووی سوکایەتیکردن بە ڕابەری ئێران، عەلی خامنەیی و دژایەتیکردنی ڕژێم. ئاژانسی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ڕایگەیاند دادگای مەشهەد بۆ هەر کام لە تۆمەتەکانی دامەزراندنی ڕێکخراو بۆ ڕووخاندنی ڕژێم 10 ساڵ، پرۆپاگەندە لە دژی ڕژێم یەک ساڵ و هەروەها دوو ساڵ بەندکردنی بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە ڕابەری ئێران، عەلی خامنەیی بەسەر ئەکادیمیسیەن کەمال جەعفەریدا سەپاندووە.



موقتەدا سەدر:

عێراق نفرۆی گەندەڵی و ستەمکاری بووە

ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕایدەگەیەنێت، کە وڵاتەکەی لە گەندەڵی و ستەمکاریدا نغرۆ بووە. موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕوتی سەدر و سەرکردەیەکی باڵای عێراقی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر) ڕەخنە لە گەلەکەی دەگرێت لەوەی داوای چاکسازی و کاری باش دەکات و هیچ هەوڵێکیشی بۆ نادات. موقتەدا سەدر بە ئاماژەکردن بە نزایەکی بەردەوامی شیعەکان، کە دەڵێن، "خوا هاتنی محەمەدی مەهدی خێراتر بکات "و بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێ، "ئەی ئەگەر ئێستا محەمەدی مەهدی هات و بینی عێراق پڕە لە گەندەڵی، پڕە لە ستەمکاری، دەوڵەتێکی لاوازە و پڕە لە کێشەی تایفی و سیاسی؟! ."



هاووڵاتیانی ئەندەنووسیا بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی نوێ دەنگیاندا

پەرلەمانتاریێکی هەدەپە:

هێزە دیموکراسییەکان سەرکەوتن

پەرلەمانتاری ئیستەنبوڵی هەدەپە، زەینەل ئۆزدن ڕایگەیاند: بە قۆناغێکی هەڵبژاردندا تێپەڕین، هێزە دیموکراسییەکان سەرکەوتن، ئەم ئەنجامانە خێرداربێت بۆ وڵاتەکەمان.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە پەرلەمانی تورکیا ڕێکیخست، ئۆزدن باسی لەوەکرد کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو بەشانەی دەسەڵاتی ئاک پارتی دەیەوێت بە سیاسەتی گوشار بیانترسێنێت کوردەکان و عەلەوی هەن و گوتی: ئەو دامەزراوانەی لەو بوارەدا خەبات بۆ مافی عەلەوی دەکەن، بە تایبەتی چالاکوانان و بەڕێوەبەرانی ئافرەت دەکرێنە ئامانج. ئۆزدن باسی لەوەشکرد کە لە 19ی تەموزی 2018دا سەرۆکی پەرستگای کوچوک ئارموتلو، زەینەب یلدرم دەستبەسەرکراوە، هەروەها سەرۆکی پێشووی لقی کارتاڵی ئیستەنبوڵی ڕێکخراوی کولتووری، پیر سولتان ئابدال دەستبەسەرکراوە و، گوتی: دەزانین پێکهاتەیەک سزا دەدرێت کە ئەو خەباتە بەڕێوە دەبات و ملکەچ ناکات.



عێراق.. 200 هاووڵاتی لە مەترسی لافاو ڕزگار کران

ماڵوحاڵی ئەو هاووڵاتییانە بە تەواوەتی ژێرئاو کەوتوون

سەرچاوەیەکی سەربازی لە عێراق، ڕایگەیاند کە 200 هاووڵاتی لە پارێزگای بەسرە لەلایەن تیمەکانی بەرگریی شارستانییەوە ڕزگارکراون، دوای ئەوەی ماڵەکانیان لە ناوچەیەکی باکووری پارێزگەکە بە هۆی لافاوەوە ژێرئاوکەوت. ئەفسەر لە سوپای عێراق، ملازم محەمەد خەڵەف نایف، ڕایگەیاند: ئەو 200 کەسە شوێنی نیشتەجێبوونیان بەشێوەیەکی کاتی لەلایەن تیمەکانی بەرگریی شارستانییەوە بۆ دابینکراوە کە بریتییە لە خێوەت. بە گوتەی محەمەد خەڵەف نایف، ماڵوحاڵی ئەو 200 کەسە لە ناوچەی سالحییە باکووری پارێزگای بەسرە بە هۆی لافاوەوە تەواو ژێرئاوکەوتوون. لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری ناحیەی نشوە سەر بە قەزای شەتولعەرەب باکووری بەسرە، وەلید مەتەر مەیاحی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە کە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە زۆنگاوی حوێزە، بەنداوی سویب لەو پارێزگایە داڕووخاوە. پێشتر سەرۆک وەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو کە عەمبارکردنی ئاو لە وڵاتەکەی بەرزبوونەوە و گەیشتووەتە 41 ملیار مەتر سێجا کە بۆ ساڵانی داهاتوو سوودبەخش دەبێت.

بەرپرسی لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی جوتیاران



لەبەردەوامی دیدارو پێشوازییەکانیدا بەمەبەستی ئاگاداربوون لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی سنوورەکە ، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەگای لق بەئامادەبوونی تیپ زرار کارگێڕی لق پێشوازیکرد لە عەلی فازل ئاغاو ژمارەیەک لەکەسایەتی و جوتیارانی دەقەری بەڕانەتی کە بە نوێنەرایەتی جوتیارانی سنوورەکە سەردانی بەرپرسی لقی16یان کردبوو.

لەدەسپێکی دانیشتنەکەدا نوێنەرانی جوتیارانی دەقەری بەڕانەتی وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ بەرپرسی لقی16 بەشێک لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی جوتیارانی سنوورەکەیان خستەڕوو بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان و کار ئاسانی زیاتر بۆ جوتیاران لەپێناو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی جوتیاران و زیادکردنی بەرهەم کەسوود بەئابووری نیشتمانەکەمان دەگەیەنێت ، هەروەها داوایانکرد هەوڵی حزبان بخەنەگەڕ لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی شایستە دارایییەکانی گەنمی جوتیاران کە لەلای حکومەتی بەغدا ماوە. دواتر بەرپرسی لقی16 سوپاسی گەرمی خۆی ئاراستەی نوێنەرانی جوتیاران کرد بۆ گەیاندنی کێشەو گیروگرفتی جوتیارانی سنوورەکەو بەڵێنی پێدان هەموو هەوڵێک دەدەن لەڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی شایستە دارایییەکانی و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی جوتیارانی سنوورەکە بەبێ جیاوازی.

بڕیارە ئەمڕۆ 53 بنکەی بایۆمەتریی دەنگدەران لە هەولێر بکرێنەوە

بڕیارە ئەمڕۆ 21ی نیسان هەموو بنکەکانی بایۆمەتریی دەنگدەران لە سنووری پارێزگای هەولێر بکرێنەوە و سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانیش لە هەولێر دەڵێ، پێویستە هەموو دەنگدەرێک بەشداری لە پرۆسەکەدا بکات و ئەوانەیشی کارتیان ون کردووە کارتی نوێ وەربگرنەوە.

عەلی قادر، سەرۆکی فەرمانگەی کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە پارێزگای هەولێر بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: حەفتەی ڕابردوو ڕاهێنان بە کارمەندانی کۆمیسۆن کراوە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران لە سنووری پارێزگای هەولێر و بڕیارە ڕۆژی یەکشەممە 21ی نیسان 53بنکەی کۆمیسۆن پێشوازی لە دەنگدەران بکەن بۆ تۆمارکردنیان لەنێو پرۆسەکەدا. سەرۆکی فەرمانگەی پارێزگای هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق گوتیشی: پێشتر بەهۆی کەمیی کارمەند و نەکردنەوەی ژمارەی پێویستی بنکە، ژمارەیەکی کەمی هاوواڵتیان لە خۆتۆمارکردن بۆ پرۆسەی بایۆمەتریی دەنگدان بەشداریان کردووە، بەڵام چاوەڕێ دەکەین لە سبەی بەدووا وە ژمارەیەکی بەرچاوی سنووری پارێزگای هەولێر بڕیارە بکرێنەوە.



هاووڵاتیان بەشدار بن. قادر داوایشی لە دەنگدەرانی سنووری پارێزگای هەولێر کرد، سەردانی بنکەکان کۆمسیۆن بکەن، ئەوانەی پێشتر خۆیان تۆمار نەکردووە، تا بتوانن خۆیان لەنێو سیستەمەکەدا تۆمار بکەن، بەپێچەوانەوە مافی دەنگدانیان نابێت لە هەر هەڵبژاردنێکدا کە بەڕێوە بچێت.عەلی قادر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پێویستە ئەو دەنگدەرانەی پێشتریش بایۆمەتریان کردووە و کارتەکانیان بە هەر شێوەیەک ون کردووە، سەردانی بنکەکانی کۆمسیۆن بکەن بۆ ئەوەی کارتی نوێیان بۆ دروست بکرێت، چونکە بەبێ کارت لە ئایندەدا کێشەیان بۆ دروست دەبێت.

یادی 52 ساڵەی دامەزراندنی ئامادەیی ئازادیی کوڕان کرایەوە

وەزیری پەروەردە: پێویستە قوتابخانەکان گرنگی بە ئەرشیف و یادکردنەوە و ڕێزگرتنی مامۆستا دێرینەکانیان بدەن

خەبات- ڕێژنا عەلی:

دوێنێ 2019/4/20 لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر یادی دامەزراندنی 52هەمین ساڵیادی ئامادەیی ئازادی کوڕان بەڕێوەچوو ، فیستڤاڵەکە بە ئامادەبوونی پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە و ئەحمەد کانی لێپرسراوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری پارێزگاری هەولێر و بەشدار عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو هەینی قادر سکرتێری لقی هەولێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان و سەرپەرشتیاران ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون، سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سرودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و دواتر مامۆستا کامەران عیزەدین بەڕێوەبەری قوتابخانە ئازادی کوڕان وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو ئاماژەی بە ڕۆڵی قوتابخانەی ئازادی دا لە بەرەوپێشچوونی ڕەوشی پەروەردە، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان ڕۆڵی گرنگییان هەبووە لە پاراستنی ئەرشیف و تۆماری گشتی قوتابخانەکە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان هەوڵی زۆریان داوە بۆ دابینکردنی پێداویستی قوتابخانەکە وبەو توانایەی هەیانبووە، دواتر فلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر بیرەوەری 52 ساڵەی دامەزراندنی قوتابخانەکە نمایش کرا و تیایدا زۆرێک لەو قوتابیانە بەسەرکرابوونەوە کە لە میژووداو قوتابی قوتابخانەی ناوبراو بوون و بیرەوەری خۆیان لەو قوتابخانەیە لەو فلمەدا گێڕایەوە. پاشان پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا ئاماژە بەوەدا کە ئامادەیی ئازادی کوڕان ئامادەییەک بووە کە سەروەریەکی گەورەی بۆ نیشتیمان تۆمار کردووە، هەروەها وتی: ئێمە پێشتریش بە نوسراو ئامادەییەکانمان ئاگادار کردووە کە سالانە یادی دامەزراندن و ڤیستڤاڵی سالانەی خۆیان ڕێکبخەن، بەڵام بەداخەوە دەبینم ئەو یادە ناکەنەوە ئەرشیفی خۆیان وەک پێویست نەپاراستووە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان وەک وەزارەتی پەروەردە ئامادەن هەر پێداویستی نوێژەنکردنەوەیەک پێویست بێت بۆ ئەو قوتابخانەیە دابینی بکەن. دواتر کۆمەڵێک گۆرانی و سرود لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی ئازادی کوڕان بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی هەولێر پێشکەش بە ئامادە بووان کراو هەروەها ڕێز لە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانە نرا کە لە ڕابردوو هەندێکییان لە ئێستاشدا لەو قوتابخانەیە خزمەتییان بە قوتابیان و پەروەردەو فێرکردن کردووە .



بەشێکی دیکەی شەقامی 100 مەتری قیرتاو دەکرێتەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ماوەیەکی زۆرە شەقامی 100 مەتری هەولێر چاڵ و چۆڵێکی زۆری تێکەوتبوو ، ئەوەبوو بە هەوڵ و کۆششی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و بە هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگای هەولێر دەرخستەی دووبارە قیرتاوکردنەوەی بۆ ئامادەکراو قۆناغی یەکەمی ئەو شەقامە قیرتاوکراو لەو ڕۆژانەش دەست دەکرێ بە قیرتاوکردنەوەی بەشێکی دیکەی ئەو شەقامە. لەمبارەیەوە ئەندازیار سامان محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕونیکردەوە: دوای ئەنجامدانی قیرتاوکردنەوەی ئەو شەقامە قۆناغی یەکەم لە ڕێگای شۆڕش تا نزیک نەخۆشخانەی ڕزگاری دەست بە قیرتاوکردنەوەی کرا و هەوڵیش دەدەین لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بکرێ بە قیرتاوکردنەوەی بەشێکی دیکەی ئەو شەقامە لە چوارڕیانی وێشستگەی ئاکار تا چوار ڕیانی کۆمپانیانی جیهان، ئەگەر کەشوهەوا لەبارێت کاری قیرتاوکردنەوەی شەقامی 100مەتری درێژەی دەبێت.

پەیامی هاوخەمیی لقی 11ی پارتی لەبارەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی نزیک دهۆک

بە داخێکی زۆرەوە ئێوارەی هەینی 2019/4/19 لە ڕووداوێکی ناخۆش و کارەساتئامێز دا لە گوندی بەردەکۆزی نزیک دهۆک بە هۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای گشتی ڕووبیدا و حەوت هاوواڵتی سنوورمان گیانیان لەدەستدا بە ناوەکانی: ڕەحمە محەمەد عەبدوڵڵا، مەلیحە پیرۆت، ڕۆژگار سالح ئیبراهیم، بێلین فەرمان سەعدوون، سوعاد بابەکر عومەر، چیا دڵشاد سالح، لارین محەمەد. هەروەها بریندار بوونی چەند هاوواڵتییەکی دیکە. بەو بۆنە خەمناکەوە، بە ناوی لقی یازدەو لیژنە ناوچەکانی سنورمانەوە، هاوخەمیی خۆمان بۆ قوربانیانی ئەم ڕووداوە کارەسات ئامێزە ڕادەگەیەنین و لە یەزدانی بااڵدەست دەخوازین جێگایان بەهەشتی بەرین بێت. شیفای بریندارەکانیش بدات. وێڕای هاوخەمیمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکانیان و کەسوکاریان و تەواوی خەڵکی سنورمان. لە هەمان کاتدا تەواوی ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەت بۆ بریندارەکان چی پێویست بێت لە خزمەتین، هەم لە نەخۆشخانەکانی سنورمان، هەم لە بەڕێکردنیان بۆ نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بە زووترین کات.

بە خۆراکی گیایی ژیانمان تەندروستتر دەکەین
شەشەمین فیستڤاڵی خۆراکی گیایی و خواردنی سروشتی لە هەڵەبجەی شەهید سازکرا

خەبات- یوسف هەورامی: لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار دەشتی شارەزوورو شاخەکانی هەورامان چەندین جۆر گیا سەوز دەبێت و بە خواردنیان سودێکی زۆری دەبێت بۆ لەش، هەر بەو بۆنەیەوە ئەمساڵ ڕێکخراوی نوێ بو پاراستنی ژینگەو ڕێکخراوی ئارامی هەڵەبجە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە چوارەمین فیستڤاڵی خۆراکی گیایی و خواردنی سروشتی سازکرد.

هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا چاومان کەوت بە قەیسەر ڕەحمان ئەحمەد- ڕێککخەری فیستڤاڵەکەو بەم شێوەیە بۆمان دواو گوتی: پێویستە نەوەی نوێ ئاشنا بکرێت بە گژوگیای سروشتی، بۆیە بەخەڵک دەڵێین کە ئەم خۆراکە سروشتیانە تەندروستن بیخۆن لەبری خواردەمەنی ناوقوتو و ماوەبەسەرچوو. ئەگەر بێتو سەرنج بدەین هەمو شارێک فیستڤاڵێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆیە منیش بەباشم زانی فیستڤاڵێک بکەین کەتایبەت بێت بە خواردنە کوردەوارییەکان وخۆراکە سروشتیەکان ئەبینین کە شوێنی جوگرافی هەڵەبجەو هەورامان گونجاوە بۆزۆربەی زۆری جۆرە گیاکان لەهەمانکاتدا ئم گیانایەیان بکارهیناوەو خواردویانەو خەڵکەکەشی تەندروستی باشیان هەبوە لەزۆربەی نەخۆشیەکان دورکەوتونەتەوە. لەبەر دوو هۆکار ئەم فیستڤاڵەمان ئەنجام دا

یەکەم- دووبارە ئەو گژوگیایانە بەخەڵک بناسینەوە و ئاشنابن لەگەڵیان بۆئەوەی تەندروستیان بپارێزن، لە هەمانکاتدا نمایشکردنی ئەم جۆرە گژوگیایانەو خۆراکە کوردەوارییانە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی گەشتیار زیاتر ڕووبکاتە هەڵەبجەو هەورامان، بۆیە پێویستە هەمومان هەست بە لێپرسینەوە بکەین ژینگەمان خۆش بوێت و نەهێڵین ئەم ژینگە جوانەی کوردستان لەناو بچێت، هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆدروست کردنی بازارێک بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

دووەم- سەبارەت بەژینگە کە ژینگەیەکی جوانمان دەداتێ پێویستە لەسەر ئێمەش ڕێز لەوژینگەیە بگرین و بیپارێزین، ئەوە دەزانین کە لەجیهاندا سالانە بەسەدان کەس بەهۆی خواردنی ناتەندروستەوە گیان لەدەست دەدەن بۆیە بەخەڵک دەڵێین



شلێر سەعید: ناساندنی خواردنە کوردەوارییەکان بە هاووڵاتیان دووركەوتنەوەیە لە خواردنە بێ سوودەکان



وەزیری پەروەردە بۆ UNODC: لە پرۆگرامەکاندا کاری باشمان لەسەر نەهێشتنی تونداڕەویی ئایینی کردووە



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2019/4/18ی زایینی، د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی د.ئەحمەد قەرەنی ڕاوێژکاری وەزارەت، پێشوازیان لە مەسعود کەریمپوور سەرۆکی لقی نەهێشتنی تیرۆر لەبەشی پەیماننامەکان و شاندێکی یاوەری کرد.

وەزیری پەروەردە سەرەتا پێشوازی لە شاندەکە کرد پاشان باسی ڕەوشی ئیستای پەروەردە و فێرکردنی لە هەرێمی کوردستان و پرۆگرامەکانی خوێندن کرد و گوتی: زۆر ولاتی فرە نەتەوەی دەوروبەرمان هەیە کە تەنها بە زمانێک پرۆگرامەکانیان چاپ دەکەن، کەچی ئێمە هەم لە ڕووی زانستییەوە زۆر پێشکەوتووین لەبەر ئەوەی ئێستا زۆربەی بابەتەکانی خوێندن بە چەندین زمان پرۆگرامان چاپ دەکەین و گرنگی بە سەرجەم زمانەکان دەدین لە هەرێمی کوردستان، لەوانیشدا گرنگی زۆر دراوە بە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و تەنانەت کاری باشمان کردووە لەسەر نەهێشتنی تونداڕەوی لە پرۆگرامی ئایینی کە لە پڵێ یەک تا کۆتاپڵ دەخوێنرێت و ڕێفۆرمان لە بابەتەکانی ئایینداکردووە.

لە دریژەیی کۆبوونەوەکە وەزیری پەروەردە باسی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ڕووی بەرنگاربوونەوەی هزری تیرۆر و گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدرێت لە ڕووی خولەکان و کۆنفرانس و ڕاهێنانی مامۆستایانیانی بە گرنگ هەژمار کرد، باسیشی لە پەروەردە وفێرکردن بەگشتی کرد.□لەبەرمبەردا شاندی میوان سوپاسی وەزیری پەروەردەیان کرد و دەستخۆشییان کرد لەو کارانەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆحیەتی پێکەوەژیان و ئاشتی لە وەزارەتی پەروەردە کراون.

لە کۆتاییدا شاندەکە داوایان لە وەزیری پەروەردە کرد، کە کار لەسەر هەماهەنگی نێوان هەردوو لا بکرێت بۆ زیاتر گرینگیدان بە پرۆگرامەکان و ڕاهێنانی مامۆستایان لە ڕووی نەهێشتنی هزری تیرۆر و بەرزکردنەوەی توانای بۆ نەهێشتنی تیرۆر.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و LDS گرێبەستێک واژوو دەکەن



ڕێککەوتی 2018/4/16 بە ئامادەبوونی موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و کین ب ئەسای بەرپرسی دەزگای LDSی خێرخوازیی ئەمەریکی، پرۆتۆکۆلێکی نوێیان لەبارەی چۆنێتی هاوکاریکردن و دابینکردنی دەرمان بۆ کەمپی پەنابەران واژووکرد. بەپێی پرۆتۆکۆلی نێوان هەردوولا ڕێکخراوی LDSی خێرخوازیی ئەمەریکی هەڵدەستێت بە دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و پێداویستی دان و کەلوپەلی تاقیگەیی بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ هەر چوار کەمپی پەنابەران لەسنووری پارێزگای هەولێر.

لە بەرامبەر ڕۆڵی لە دروستکردنی تەبایی، بەرپرسی لقی 11 ڕێزی لێدەگیرێ



ڕێکەوتی 2019/4/17 ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی و چالاکی مەدەنی کە ژمارەیان پێنج ڕێکخراو بوو، بە یاوەریی حاکم فاروق سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ڕێکخراوی چەلەنگ بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، سەردانی بارەگای لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری ڕانیە کردو لەلایەن هیوا گەیلانی بەرپرسی لق و و کارگێڕانی لقەوە پێشوازی کران.

پاشان حاکم فاروق بە نوێنەرایەتی هەرپێنج ڕێکخراوەکە، خەڵاتی سوپاس و ڕێزلێنانی بەخشیە بەرپرسی لقی11ی پارتی لە بەرامبەر کاروچالاکی و ڕۆڵی ئەو لە دروستکردنی تەبایی و خاڵی هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و تەبایی کۆمەڵایەتی لە سنوورەکەدا.

لە بەرامبەردا بەرپرسی لقی11ی پارتی وێڕای سوپاسکردن و دەستخۆشی لەو ڕێکخراوانە بۆ بەخشینی ڕێزلێنانەکەیان، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارو ئەرکەکانیاندا.

دهوک... نەخوشخانا کوردستان یا ئافرەت و زاروکبوونێ یا کەرتێ تایبەت هاتە ڤەکرن



عیسا حسەن- دهوک:

دچارچوڤێ وێ گرنگیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ددەتە کەرتێ تایبەت و پروژێن وەبەرهێنانێ دوهێ ل دهڤەرا کێمڵا وب چاڤدێریا فرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ وئامادەبونا چەند بەرپرسێن حزبی وئیدارێ ولەشکری نەخوشخانا کوردستان یا ئافرەت وزاروکبوونێ یا کەرتێ تایبەت هاتە ڤەکرن. لبەراهیێ خودانێ پروژەی حکمەت توفیق سەیداڤایی پەیڤەک خاند تێدا بخێرهاتنا هەموو بەرهەڤبویان کر و سوپاسیا وان هەموو لایەن وکەسان کر بێن بوینە هاریکار بو ئاڤاکرنا نەخوشخانا کوردستان یا ئافرەت وزاروکبوونێ وخواست کو وبەرهێنەر وکەسانێن دەولەمەند چاڤ ل وان بکەن وپروژێن خزمەتکاری مل بملێ کەرتێ گشتی ئاڤاکەن بو خزمەتکرنا گەل وەلاتی. پاش پەیڤا ڕێڤەبەریا نەخوشخانێ ژلایێ د.رمەزان هاتە خاندن و گوت: ئەڤ نەخوشخانە دێ مل بملێ نەخوشخانێن کەرتێ گشتی کار وخزمەتێ پێشکێشکەت وباریّ نەخوشخانێن حکومەتێ کەرتێ گشتی سڤککەت. هەروسا ئاماژە دا گرنگیا نەخوشخانێ کو ب کوالیتیەکا باش هاتیە ئاڤاکرن وهەڤالا ژینگەهێ یە وئامیرەتێن خزمەتکرنێ یێن پێشکەفتی لێ هاتینە دانان وب بهایەکێ ئەرزان دێ خزمەتێن تەندورستی پێشکێشی زاروک وئافرەت وزاروکبوونێ کەت. هەروسا گوت: نەخوشخانێ دەلیڤێن کاری بو 150کارمەندێن جودا جودا پەیداکرینە و ل نەخوشخانێ چەندین هولێن زاروکبوونێ هەنە و بیست چار دەم ژمێرا دێ پێشوازیا ئافرەتا کەن زێدەباری هەبونا ژورێن چاڤدێریا چر ونوشدارێن نوبەدار وهەبونا پشکا چاندنا زاروکێن بوریا وهەبونا کلینیکێن نوشدارا وژورێن نشتەرگەریا وتیشکێن میفراز وسونەر وتاقیگەهەکا سەردەمیانە ودەرمانخانەکا ڕێک وپێک وچەندین خزمەتکارێن دن. پاش ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەهێ پەیڤەک پێشکێشکر وخوشحالیا خو ب ڤەکرنا نەخوشخانێ دیارکر و تەکەزکر کو هەردەم حکومەتا هەرێما کوردستانێ پشتڤانیا ڤان جورە پروژێن تەندورستی کریە وسەرکەفتن بو خودانێن پروژەی خواست. پاش نەخوشخانا کوردستان یا ئافرەت وزاروکبوونێ یا کەرتێ تایبەت ب شێوەکێ فەرمی هاتە ڤەکرن وبەرهەڤبویان گەریانەک ل ناڤ ژور وهولێن نەخوشخانێ کر وژنێزیک سەحکرە بەرهەڤیا وێ بو خزمەتکرنا زاروک وئافرەتان.



کەئەم خۆراکە سروشتیانە تەندروستن بیخۆن لەبری خواردەمەنی ناوقوتو وماوەبەسەرچوو.

هەروەها هێڤی ئەحمەد- یەکێکی تر بوو لە بەشداربوانی ڤیستڤاڵەکەو کە خواردەمەنیەکانی ئامادەکردبوو و ڕێکیخستبوو و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، تایبەت بەخەبات دواو گوتی: یەکەمجارە بەشداربم لەم جۆرە ڤیستڤاڵانە شتێکی باشە ئەم خۆراکە سروشتیانە سودێکی زۆریان هەیە بەخواردنیان لەزۆر نەخۆشی دوردەکەوینەوە و پێویستە خەڵک ئەم جۆرە گژوگیانە بناسێت و بیانخوات تەندروستیمان باش دەبێت.

هەروەها ناوبراو زیاتر گوتی: لەم ڤیستڤاڵە زیاتر لە 60 جۆر گیاو خواردنمان نمایش کردوەو کەپێشتر باووباپیرانمان ئەم گژوگیانەیان بەکارهێناوە، لەهەمانکاتدا ژیانێکی ئاسودەو تەندروستیان بردوەتە سەر. لەهەمانکاتدا هەوڵماندواوە بەهۆی ئەم گژوگیایانەوخۆراکە سروشتیانەوە زیاتر ئافرەتان لەماڵەکان بهێنینە دەرەوە بۆئەوەی بتوانن ژیانی خۆیانیان پێدابین بکەن وسود مەند بن کە ڕۆیشتون بۆ شارەزوورو هەورامان ئەم خۆراکانەیان هێناوەو ئامادەیان کردوە کە دەبینن ئامادەبوانی ڤیستڤاڵەکە دڵخۆش و ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە زۆرترین خانم بەشداربوە و هیوادارین بۆ ساڵانی داهاتو بتوانین لە شارەکانی تری کوردستان ئەم جۆرە ڤیستڤاڵانە ڕێکخەین و زۆرترین خەڵک بەشداربێت، ئەکرێت ئێمە لەم سێ مانگەدا بگەڕێینەوە بۆ سروشت و هەریەکێک لەم جۆرە گیایانە سودێکی تایبەتی هەیە بۆ لەش. هەر لە فیستیڤاڵەکەدا شلێر سەعید- یەکیکی تر بو لەبەشداربوانی ڤیستڤاڵەکەو بەم جۆرە دواو گوتی: ناساندنی خواردنە کوردەواریەکان بە هاوڵاتیان خواردنانەی کە باووباپیرانمان لەسالانی ڕابردو بەکاریان دەهێناو تەندروستیان باش بو بەدەگمەن خەڵک نەخۆش دەکەوت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان
بەڕێز مامۆستا ئاراس حەسەن عەبدوڵڵا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی حەسەن عەبدوڵڵا ناسراو بە حەسەنی زیە باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوخەمی بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی باوکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی ئەندازیار بۆتان عەونی یوسف

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەندازیار بۆتان عەونی یوسف- مان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ خانەوادە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێز فەریق ڕوکن ئەنوەر حەمەئەمین ئاغا

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دواییقەیسە ئیسماعیل عەزیز مامەسێنی براژنی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی ئێوە و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی خزم و دۆستانی مامەسێنی دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو برایم حەمەدبەگ

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی، خوالێخۆشبوو ئیبراهیم غەفور ئەمین ناسراو بە برایمی حەمەد بەگ- مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم خزم و دۆست و کەسوکار و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی مامند ئەنوەر فەیزی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی شاری هەولێر، خوالێخۆشبوو حاجی مامەند ئەنوەر فەیزی- مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤالانی خوالیخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو بۆتان عەونی یوسف

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی ئەندازیار بۆتان عەونی یوسف کوڕی تێکۆشەر و کەسایەتی سیاسی شاری هەولێر و کوردستان خوالێخۆشبوو عەونی یوسف.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و کەسوکار و هاوڕێیانی خوالیخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەسەن عەبدوڵڵا تاوەگوزی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕین، خوالێخۆشبوو حەسەن عەبدوڵڵا تاوەگوزی.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤالانی خوالیخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی







بازاڕێکی گەورەی کاری دەستی مامۆستایان و قوتابیانە

قوتابخانە پیشەییەکان لە نێوان گرنگی پێدان و پەراوێزخستندا

لێپرسراوی پەروەردەی پیشەیی بۆخەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان 14قوتابخانەی پیشەییان لە ناوەندی هەولێر هەیە و هەموو قوتابخانەکانیش بەشداری پێشانگاکە بوون قادر حوسێن ئیبراهیم لێپرسراوی پەروەردەی پیشەیی لە گەلەری کۆچیرا بۆ خەبات وتی: ئێمە سالانە پێشانگای پیشەیی دەکەینەوە ئەم پێشانگایە سی و پێنجەمین پێشانگایە مامۆستایان بەشدار بوون بەبەرهەمی خۆیان بێگومان لێرە مامۆستایان کاری هونەری زۆر نایاب دەکەن. لە هەولێر چوارده قوتابخانەمان هەیە کوران و کچان یەک قوتابخانەی دەشتی هەولێریش بەشداربوون ، قوتابخانەکانی کچان ئیشی سیرامیکی سارد و وێنەی ئەندازەیی و گوڵ و کارەبا و دروومان وکاری دەستی دیکە دەکەن ، قوتابخانەکانی کوران کاری کانزاکان و سیرامیکی گەرم و وێنەی ئەندازەیی و کارەبا دەکەن سالانە لەسەرەتاوە مەوادو کەرەستەی خاویان بۆدابینکەین لەڕێگای یاریدەدەری تەکنیکی دەچێتە قوتابخانەکان ئەویش دابەشی سەر بەشەکان دەکرێت هەموو ئەو بەرهەمانەشی لەسەرەتای سالەوە دروستکراوە لێرە نمایشت کراوە ، ئامانج لەم پێشانگایەش ئەوەیە ئەو قوتابیانە ڕابهێنین بچنە ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئامانجی دووەمیشمان ئەوەیە ئەو شتانەی دروستدەکرێن بچنە ناو ماڵەکان .

دەربارەی داهاتی پێشانگاکە بڕێچی سەرف دەکرێت ئایا بۆ وەزارەت خۆی دەبێت؟ ئەو بەڕێوبەرە وتی: زۆربەی داهاتەکەی بۆ قوتابخانەکان دەگێڕینەوە پار ئێمە 5ملیۆن دینارمان بۆ گەرایەوە بۆ پێداویستییەکانی گەلەری و خۆشمان بودجەی سالانەمان هەیە خۆشبەختانە ئەمساڵ پەروەردەی هەولێر 12ملیۆن دیناری بۆدابینکردین بۆ قوتابخانەکانی خۆیان بەڕێوبەرایەتی گشتی 14 ملیۆنی بۆ دابینکردین دوو قوتابخانەشمان لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز وەزیری پەروەردە کردەوە هەر پەروەردەیەک داوا بکەن ئێمە قوتابخانەی پیشەییان بۆدەکەینەوە .

شوێنی گونجاو بە پێشانگا دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بۆهەولێتان نەئەدا لەشوێنێکی گشتی ئەم پێشانگایە بکەنەوە کە مەیدانی زۆرتر دەبوو بەبەراورد بەم شوێنە؟ مامۆستا قادر وتی: ئێمە داوامان کرد لە پارکی شانەدەر بێت ، بەڵام ئەویش دراوتە چەند کەسانێک و جێی ئێمە نەبوو وەرگرتووە؟ **مامۆستا کاروان وتی:** ئەو پەروەردانەی قوتابخانەیی پیشەییان هەیە زۆر جیاوازن لەوانەی کە نییانە هیچ نەبێت ئێمە قوتابییەکانمان ڕاهێناوە لەسەر ناسینەوەی کۆمەڵێک کەرەستەی پێویست کە بۆچی بەکاردێت؟ قیاسات چونە ؟ لەو لایەنەوە زۆر زۆر سوپان وەرگرتووە قوتابیمان هەبووە چۆتە کۆلێژی ئەندازیاری ئەڵێت ئەو ڕەسمانەی لە پۆلی یەکی کۆلێژ هەمان شت دەخوێنین کە لێرە فێربووین ئێمە قوتابییەکانمان هەر پێنج بەشەکە دەبین واتە شارەزایان لە هەموو بەشەکان هەیە و قوتابی لەیەک بەش نابەستینەوە.

بەراوردی ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردوو

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا جیاوازی ئەم پێشانگایە چیپە لەگەڵ ئەوانەی ساڵانی ڕابردوو؟ **ئەو مامۆستایە وتی:** بێگومان دەبێت جیاوازی هەبێت و ئەگەر نەبێت کەواتە هیچمان نەکردووە هەتا ئێستە هەر بەردەوامین لە کۆکردنەوەی ئەزموونی نوێ و جیاواز لە قوتابیان و مامۆستایان بۆ ئەوەی ئەم پێشانگایە ببێتە شوێنێک بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و ئەزمونی نوێ.

دەربارەی بەشداریکردنی قوتابییەکان لەم پێشانگایە کە ئایا تاچەند قوتابی بەشدار بوون وتی: خۆم وەک مامۆستاو قوتابییەکانیش بەشدار بووین و ئەوانەی ئەوان دروستی دەکەن ئێمە هەندێک دەسکاری کەمی دەکەینەوە لە کاتی وانەکان لەگەڵییان دەبین و چۆنێتی ئیشکردنییان پێ دەڵێین.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند کریاری شتەکانتان هەیە مامۆستا سەراب وتی : دەستکردی مامۆستا جیاوازە لەساڵانی ڕابردوو.

کارگەی قوتابی

مامۆستا عەبدولحەمید لە گەلەری کۆچیرا و ئاماژەی بەوەدا ئەوان زیاتر ڕاهێنان بە مامۆستا یان دەکەن و ئەوانیش بە قوتابییەکان سالانە خول دەکرێتەوە بۆ مامۆستاکان 20 بۆ 25ڕۆژ و هەرکەسە لەبواری خۆی دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند قوتابیان سوودیان لەم پێشانگایە وەرگرتووەو پێی دڵخۆشن کاتێک خەڵک پارە بەبەرهەمەکانی ئەوان دەدات؟ **مامۆستا عەبدولحەمید وتی:** بێگومان زۆریش سوودیان وەرگرتووەو پێی دڵخۆشن ئێمە قوتابییەکانمان کە دەچنە پەیمانگای هونەرە جوانەکان زۆر لە قوتابییەکانی تر سەرکەوتوو ترن جگە لەوەی لە بەشی دارتاشی و کانزاکان قوتابیمان هەبووە کارگەی بۆخۆی داناوە زۆر سوودیان وەرگرتووە هەم وەکو دیراسە هەم وەکو پیشە جگە لەوەی ئێمە بەشی وێنەی ئەندازەمان هەیە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کۆلێژی ئەندازیاری.

نەگونجاوی شوێنەکە مامۆستا سەراب حەیدەر ئەحمەد دەرچووی ئەکادیمی کۆلێژی هونەرە جوانەکان باشە تارادەیەک بەڵام بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کەمترە هۆکارەکەش ڕەنگە شوێنەکە بێت ئەگەر لە شوێنێکی گشتی بونایە ڕەنگە قەرەبالغ تر بوایەو باشتر بوایە.


پێشانگای بەردەوام مامۆستا عەبدولسەمیع جەودەت مەولود مامۆستای پیشەیی لە گەلەری کۆچیرا دەربارەی بەشداری کردنی قوتابییەکان لە گەڵ خۆی ئاماژەی بەوەدا: مامۆستاکان لێرە دەبنە قوتابی ئێمە ئەوان و ئەوانیش قوتابییەکان فێر دەکەن سەرەتاش فێری سەرەتاکانی کارکردنییان دەکەن کە چۆن ترسییان بشکێ لە دەست پێکردن و ناسینی ئەو کەرەستانەی ئەوان پێویستییانە ئێمەش لێرە ساڵانە جگە لە خولەکان مامۆستایانیش بەرهەمەکانی خۆیان نمایشت دەکەن لەگەڵ ئەوانەی قوتابییەکان هەرکەس لە بەشی خۆی و بەپێی توانای خۆی.

دەربارەی کرپاریش مامۆستا عەبدوسەمیع وتی: ناتوانم بڵێم زۆر باشە ، بەڵام خراپیش نییە لێرەو لە گەلەری کۆچیرا یەکەم تەجروبەیە ،چونکە ساڵانی ڕابردوو لە پارکی شانەدەر دەمانکرد هەرچەندە ئێمە گەلەری خۆمان بەردەوام لە پارکی شانەدەر هەیە وەک گەلەری مامۆستایان.

کەمی کەرەستەی پێویست مامۆستا عیزەدین لەبەشی دارتاشی لە قوتابخانەی زێوەری بنەڕەتی دەربارەی ئەوەی کە ئایا چەند سوودی مادییان لەم پێشانگایە وەرگرتووە وتی: تارادەیەک باش بوو ، بۆ قوتابیانیش کە سوودێکی مەعنەویش دەبینن فێر دەبن، دەربارەی ئەوەی تاچەند هەست بە جیاوازی لەبەرەو پێشچوونی کاری قوتابییەکان دەکەن یان زیاد بوونی کریارەکان لە ماوەی ئەو سی و پێنج پێشانگایەی کە بەشداریتان تێدا کردووە ؟ **ئەو مامۆستایە وتی :** بێگومان جیاوازە قوتابییەکان لە چاو پێشان شتی نوێتر دروست دەکەن سوود لە تەکنەلۆژیا دەبینن هەموو بەرهەمەکانمان بەرهەمی ئەمساڵن و ئەوانەی پێشووتر کەمێکییان دەمێنن . دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند گرفت دێتە ڕێتان لە داینکردنی ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی کە پێویستە بۆکارەکانتان؟ ئەو مامۆستایە وتی : ئامێرمان زۆر کەمە و ئامێری پێویستمان نییە بۆ دروستکردنی شتی زۆرتر بە هەوڵ و تەقەلای خۆمان دروستی دەکەین و هاوکارێمان کەم دەکرێت داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هاوکاری پەروەردەی پیشەیی بکات لە ڕووی کرینی ماکینەو ئامێرەوە.



لێپرسراوی قوتابخانە پیشەییەکان:
بەداخەوە لە پارکی شانەدەر جێگا بۆ پێشانگاکەی ئێمە نەبوو



مامۆستا سەراب:
بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو لەبەر نەگونجاوی شوێنەکە کریارمان کەمتر بوو



مامۆستا عیزەدین:
ئامێرو کەرەستەی پێویستمان کەمە بۆ دروستکردنی شتی زۆرتر



مامۆستا کاروان:
قوتابییەکانمان هەموو بەشەکان دەبین و قوتابی لەیەک بەش نابەستینەوە



مامۆستا عەبدولسەمیع:
پێشانگاکەمان لە ڕووی کریارەوە باش نەبوو



مامۆستا عەبدولحەمید:
قوتابیمان هەبووە کارگەی بۆ خۆی داناوە





یادەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول

دیمانە و ئامادەکردنی: جەواد مستەفا ستۆپەیی

هێشتا لە ژیاندابوو... زوو زوو یادگارییەکانی خۆی لە بەشداربوون و بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕابەرایەتی مەلامستەفا بارزانی بۆمنی دەگێڕایەوە... دەگێڕایەوە کە چۆن بەخۆ و خێزان و کەسوکارەوە رووبان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد بۆ ئەوەی بەشدار و پاڵپشتی کۆماری کوردستان بن... دەیگێڕایەوە کە چۆن بە دڵ و بەگیان لەخزمەتی کۆماردابوون، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی ژیانی ئەوان و تەواوی گەلی کورد لەو سەردەمەدا نالەبار و نەدار و نائارام بوو. خۆلێخۆش بوو (سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) زۆربەی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆمن دەگێڕایەوە، هەر لە هەرەتی لاوێتییەوە لە بەشداری کردنی لە شۆڕشەکانی بارزان و بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول تاکو ئەوکاتەی کە بەهۆی بەنێو سالدا دەستی تفەنگی نەگرت، بەڵام بەردەوام دەیگوت من پێشمەرگەی بارزانیم، من پێشمەرگەی کوردستانم، خوالێخۆشبوو تاکو دوا لێدانی دڵ ئامادەی پشتیوانی کردنی ڕێبازی بارزانی بوو، ئامادەی خەبات و قوربانیدان بوو. منیش وەکو ویستێک بەرلەوەی (سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) کۆچی دوایی بەشێک لە یادەوەرییەکانیم تۆمارکرد بۆ ئەوەی مێژوو و یادەوەرییەکانی ئەو نەوە خەباگێرە نەفەوتێ و لەیاد نەکرێ. بۆیە ئەمڕۆ وەکو وەفاییێک بۆ گیانی ئەو خەباتگێڕە، بەشێک لەیادەوەرییەکانی بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی خەبات بڵاو دەکەمە، هیوادارم روحی (سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) شاد و ئاسوودەبێت لە بەهەشتدا.



نووسەر و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان سەلیم عوسمان

(سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) لە سالی 1920 لە گوندی ستۆپی لەدایک بووە، لە تەمەنی منداڵی دایکی کۆچی دوایی کردوە و هێشتا مام سەلیم منداڵ بووە کە باوکی لەگەڵ خەلیل خۆشەڤی دەربەدەر و عەشقی بووە، کەواتە هەر لە منداڵییەوە بەرپرسیاریەتی خێزانەکەی کەوتوتە ئەستوی ئەو. لەبەر ئەوەی کە باوکی لەگەڵ خەلیل خوشەڤی خەباتی شۆڕشگێڕی کردووە و شەری لەگەڵ پۆلیسەکانی رژێمی ئەوسای عێراق کردووە، خێزانەکەی لەگەڵ خێزانی خەلیل خوشەڤی کەزیاتر لە دە سەر خێزانیتر بوون نەفیان کردوون بۆ (تەلەعفەر)، سالێک لەوێ نەخایاند پاشان گەڕاندیانەوە بۆ ئاکرێ، دیسان لەوێش زۆری نەخایاند هەربەک لەم خێزانانە بۆ شوێنی جیاواز نەفی کران، کە خێزانەکەی مام سەلیم نەفی کرا بوو (مەحمودیە)ی باشووری بەغدا، لە مەحمودیە مانەوە تا لە سالی1936 خەلیل خوشەڤی شەهید کرا، دواتر هەموو خێزانەکانیان گەڕاندەوە بۆ هەولێر و لە دوای چەند مانگێک هەر خێزانێکیان گەراندەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. هەر لە رۆژی نەفی کردنی هەتا گەرانەوەی بۆ گوندەکەی خۆی هەمیشە مام سەلیم دەست بەسەر بووە، سەرەڕای ئەوەی کە سەرپەرشتی خێزانەکەی دەکرد و مێر منداڵیش بوو. لەو کاتەی کە لە گوند کار و کاسبی بوخۆی دەکرد باوکی هەر لەگەڵ ئەسعەد خوشەڤیدا بوو، باوکی چەند جارێک بەشداری لە شەر و چالاکییەکاندا دەکرد تا سالی 1945.

لە سالی 1945 خێزانەکەیان لەگەڵ چەندین خێزانیتر لەگەڵ بارزانی نەمر ئاوارەی ئێران بوون، مام سەلیم یەکەم جار کە چەکی هەڵگرت پێش ئەوەی بگاتە ئێران تفەنگێکی ئەڵمانی هەڵگرت. کاتێ کە گەیشتە ئێران خێزانەکانیان بەسەر گوندەکان دابەش کران، چونکە لەوکات باری ئابووری خەڵک زور سەخت بوو، لەم کاتەدا خێزانەکەی لە گوندی (تلێ) لە مەرگەوەر نیشتەجێ بوو.

دوای چەند مانگێک بارزانی هەموو گەنجەکانی بانگ کرد بو خزمەتی سەربازی لە سابلاغ بۆ پارێزگاریکردن لە کۆماری کوردستان، چونکە ئەم ڕێکخستنە لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، لە ئەنجامدا خۆی لەگەڵ باوکی بوون بە سەرباز، باوکی پلەی (ئامر حەزیرە)ی وەرگرت لە فەوجی (خوشەڤی خەلیل خوشەڤی) سەربە فەرماندەی (رئیس مستەفا بارزانی)... کە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی پێشمەرگایەتی مام سەلیم بوو لە کۆماری مهاباد. لە دوای دامەزراندنی ئەم تەشکیلاتە، ئەم فەوجەیان نارد بو گوندی (ملقەرەنی) کە یەکەم شەڕ لە گردی مامەشان لە سەقز لەگەڵ حکومەتی ئێران کرد، لەئەنجامدا لەم شەڕەدا سەرکەوتن. دواتر سوپای ئێران چەند هێرشێکی سەختی کردە سەر پێشمەرگە و لەم شەڕەدا یارمەتی کورد نەدات، لە ئەنجامدا روسیا هاوکاریەکانی خۆی لەسەر کورد بری.

لە ئەنجامدا هێرشە بەردەوامەکانی سوپای ئێران بۆ سەر کۆماری کوردستان دەستپێکرد و تا لە ئەنجامدا بوو بە هۆی کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان. لەم کاتەدا ئەوانەی پێشمەرگەبوون و بەژداریان لە کۆماری کوردستان کردبوو هەمووبان گەرانەوە مالەکانی خۆیان و بارزانییەکانیش لە سەقز مانەوە تا ئەوانیش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە ڕێگادا خەبەر هات کە بەگزادەکان خائین بوونە واتە (هویرکو لەگەڵ تێلی بەگ) خائین بوونە. ئەوانیش بریاریاندا کە سلیم و قادر سلێمان بچن بولای بارزانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، دواتر بارزانی گەیشت و شەو شەڕەدا گەرانەوە بو مەرگەوەڕ و دواتر هەموویان رووبان کردە (رووباری گادر) دواتر داخلی خاکی عێراق بوون. لە دوای گەرانەوەیان بۆ ناو خاکی عێراق بەشێک لە خێزان و منداڵ لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی گەڕانەوە نێو عێراق و خاوەن مولک ڕێک کەوت دەستی بە کشتوکال کرد. ئەوەی شایانی باسە کاتێ کە مام سەلیم لە موسل لە زیندانداببو هەموو ئەمانە ناونووس کرابوون بۆ ئەوەی خێزانەکانیشیان نەفی بکرێن تا هەموویان پێکەوە بەسەر سلاو لە گیانی پاکی (سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) و هەمو شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەسەرووبانەوە بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.



پێشمەرگەکانی کۆماری مەهاباد لە سەنگەری بەرگریدا

ئاغا و عەشیرەتەکاندا دابەش بکەن. بەڵام خێزانی مام سەلیم لە گوند توانی لەگەل حکومەت ڕێککەوێت کە نەفی نەکرێن. بەم شێوەیە نزیکەی پێنج ساڵ لە نەفی مانەوە، ژیانی خۆی بە دەربەدەری و بەهۆی کشتوکالی بە نیوەیی لەگەل خاوەن مولکەکان ژیانێکی زور ناخوش و بە کولەمەرگی لە مەلکویشان و خەتارێ و توسف و... هتد بەسەر برد، دوای پێنج ساڵ گەرانەوە بو گوندەکەیان و دەستی بە کار و کاسبی کرد. لەم کاتەدا باوکی مام سەلیم لە عەشقیاتی خۆی تەسلیم بە حکومەت کردبوو ئەو زیندانی کرابوو،پاشان لە دوای چەند مانگێک لە زیندان ئازاد کرا و دەستیان بە کارو کاسبی خویان کرد تا بەرپابوونی شورشی ئەیلول لە سالی 1961، لە سەرەتا و دەستپێکی شۆرشی ئەیلول، دووبارە مام سەلیم بووبە پێشمەرگە. مام سەلیم لە زور لە شەڕەکاندا بەڕێداری کردووە وەک (شەری پێرس و سەری کور و سەر گەلیێ و حەسەنەما لە نەهلێ کە بارزانیان لەگەڵدا بوو و شەری شهێ و گەلیێ شکەفتیا). هەروەها بەڕێداری ل شەری (سیتکانێ و دەشتەهێرتێ)ش کرد کە لە شەرە هەرە گەورەکان بوو.

دوا بە دوای ئەم شەرانەش مام سەلیم هەر پێشمەرگە بوو لە بارەگای سەرەکی لەشکری یەک لە (بامەرنێ) لەگەل (ئەسعەد خۆشەڤی). (سەلیم عوسمان سەلیم ستۆپەیی) لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بوو تا کارەساتی سالی 1975. مام سەلیم لە بەروای 7/ 11/ 2010لە کۆمەلگای بەحرکە کۆچی دوایی کرد.

وون بوون
ناسنامەی کۆمپانیای ئاسایسیل ژمارەی ناسنامە/٦٠٢٧ بەناوی الان بایز کریم وون بوە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
***
دائرة كات العدل اربيل- الثانية
قسم انذار و عزل وكيل
عدد: ٢٦٨
تاريخ: ٢٠١٩/٤/١٦
الانذار
المنذر/ (سعيد عبدالحميد عبدالباقي) بحكم وكالة المحامي الممنوحة له من قبل شركة بنتا بوليس ترد ممثلة بمديرها المفوض السيد (زيدان علي زيدان) المنذر اليه (جبار حسن عبدالله/ محل جبار).
تم توجيهك بالانذار من دائرتنا اليكم من قبل المنذر (سعيد عبدالحميد عبدالباقي) بحكم وكالة المحامي الممنوحة له من قبل شركة بنتا بوليس ترد ممثله بمديرها المفوض السيد (زيدان علي زيدان) بانذار المرقم (٢٦٤) في (٢٠١٩/٤/١٥) لعدم علمنا و معرفة محل اقامتك المجهوله بموجب اشعار المختار محلة (هڤالان) بتاريخ ٢٠١٩/٤/١٦ ب تاريخ ٢٨/شباط/٢٠١٨ في مايلي الشركه اوجه هذا الانذار باسم و نيابه عن الشركة الى السيد (جبار حسن عبدالله) لاسباب التاليه التاليه بتاريخ (٥/ت/٢٠١٧/٢) وقعه (السيد جبار حسن عبدالله) بصفته كبائع على عقد البيع المبرم بينه و بين الشركه الذى التزمه بموجب بيع (١٢٥٤٦) اثنا عشر الف و خمسمائه وستة واربعون لوحه خشب تمبر صلب طول كل اللوحه ٤ امتار و عرضها ١٠ سم و سمكها ٢،٢ سم في مايلى المبيع/ بثمن قدره ٣١٣٦٥ واحد و ثلاثون الف و ثلاثمائه و خمس وستون دولار امريكي الثمن الذى استلمه السيد (جبار حسن عبدالله) من الشركه دون ان يفي بتسليم المبيع حتى تاريخه لذى ننذره بالقيام بتسليم المبيع الى الشركه خلال اسبوع من تاريخ التبليغ بهذا الانذار و بعكسه سوف نضطر باقامه الدعوى ضده نطالب فيها بفسخ عقد البيع المبرم بين الطرفين مع التعويض.
چراخان محمد مصطفى/ كاتب العدل
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو :١- يوسف مطو قاسم ٢- نشوان يوسف مطو ٣- لبيب يوسف مطو
للطلب المقدم من قبل المستدعي (بنيان يوسف مطو) المتضمن نصبه قيمة عليكم ولمجهولية محل اقامتكم في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغكم اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولكم الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضوركم سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٣٢/ب/٢٠١٩/٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (نقيب مصطفى احمد)
ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (٣٢/ب/٢٠١٩/٥) کە تۆمارکراوبو لەسەرتان لەلایەن داواکار (کاروان عبدالله قادر) ئەم دادگایە لەرۆژی (٢٠١٩/٤/١٤) بەپاشملە بریاری دا بە پابەندکردنت بەدانی بری پارەی (٤٤٨٠١٢) چوار سەد و چل و هەشت هەزار و دوازدە دۆلار بەرامبەر (٥٣٧٦١٤٤٠٠) پێنج سەدو سی و حەوت ملیون و شەش سەد و چوارده هەزارو چوار سەد دینار وە دانی بری ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار وەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنتان لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی ناڕەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٧١٩/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (رێپیین) سەرەرای کارەکەی داواکار (تاڤگە طاهر صالح) داوای ژمارە (٧١٩/ب/٢٠١٩/٢) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی بری ($٣٠،٠٠٠) سی هەزار دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رویال تاوەر) لە ٢٠١٩/٣/٢٣ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنتان لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەنامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٥/٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادەوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٢٩٢
رێکەوت/٢٠١٩/٤/١٨
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١/٤١ کە کەوتوەتە کەرتی ١١٧ جدیدە لك دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار هیوا احمد امین شریف کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی حسین قادر حسین بەبڕی/ ١٥،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٤١ ك ١١٧ جدیده لك
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی کشتوکالی تەنها یەك بیری ئاو خانوویەکی یەك نهۆمی لە (٤) ژوورو حمام و مرافق و مطبخ هول.
٥ – رووبەرەکەی/١٢٤،٤٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاودانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ بیست ملیۆن دینار.
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٢٣/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٨
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٨٣٣٤/هەولێر / کرێ) جۆری (تویوتا کرولا صالون) مۆدیل (٢٠١٢) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سالار جبار امین) لە رۆژی (٢٠١٩/٥/٨) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٧٢٠٠٠٠٠٠ حەوت ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار).
دادەوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن/ هەولێر
کاروباری کارگێڕی
خۆیەتی
ژمارە: ٣١٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ فەرمانبەر (میلاد صباح عودیش) بەناونیشانی (تێبینەری تەکنیکی) دانیشتووی شاری هەولێر شارۆچکەی عەنکاوە ژمارەی موبایل (٠٧٥٠٤٢٣٥١٩٩) ئاگادارکردنەوە
بەهۆی دواکەوتنت لەدەوامی فەرمی خۆت لەرێکەوتی ٢٠١٩/٤/٧ دوای تەواوبوونی مۆلەتی بێ مووچە بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربونت لەماوەی یەك هەفتە لەناو هەرێم وە ماوەی یەك مانگ لە دەرەوەی هەرێم بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەت دێت بەپێی یاسا و رێنماییەکانی خزمەتی شارستانی.
ئەندازیار/ رزگار نظیف عثمان
بەڕێوەبەری گەیاندنی هەولێر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە: ٥٩٠/ب/٢٠١٨
رێکەفتی: ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکراو: سردار رمضان ناصر- جهێ ئاکنجێ وێ نەدیار
زۆبەر داوا ل دژی تە هاتیە تومارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (هلفین حجی علی) ئەوا تێدا داوای دکەت زڤراندنا زیرین ئەوین هاتیە دستەراگرتی بکۆژمێ پارە (٨،٤٠٠،٠٠٠) هەشت ملیۆن و چارسەد هزار دینار و وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین قەزا ئاکرێ (کولان) ژمارە (١٢٠٦) رێکەفتی ٢٠١٩/٣/٢٥ و راپورتا هەلپژێری تاخێ سوسنا رێکەفتی ٢٠١٩/٣/٢٥ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهیێە ئاگەهدارکرن بریکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا شارستانی بۆنامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩:٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٤/٢٥ و ئەگەر نامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پاشملە و ئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت و لدیڤ یاسایێ.
دادەوەر/ رێبوار محمد حسن
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٥/ح/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/٤/١١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ علاء الدين خليل محمد علي
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٥/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها گونەهباریا مالتیا ب هژمار ٢٠١٨/١٣٥ ل سەر مادەە (٤٦٠ یاسا سزا) زۆبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا نامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠١٩/٧/١١ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویڤ یاسایێ.
دادەوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيباري
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٢٧/جنح/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (ابراهيم صوفي محمد محمدامين) یێ نەنیاس جهێ ئاکنجیبونا تویێ هاتیە دادگەهکرن ببێ ئامادەبوون ب بەندکرنا سڤك بو دەمی (شەش هەیڤا) (ستة اشهر) ل دیف بەندێ (٢٠١٩/١/٤٥٦أ) ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ ژ یاسایا سزایی و زبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تو بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهی بڕیکا دوو رۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەوەر/ بيان اديب رشيد
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٨٣٦/ج/٢٠١٩/٢
رێکەفتی:٢٠١٩/٤/١٦
بۆ تۆمەتباری ردفی (عبدالله اسعد سليمان)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٨٣٦/ ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری و دزینا ترومبێلا) ل سەر مادێ (٢٩٢/ یاسا سزای) زبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێیە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی نافخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدیا روژا ٢٠١٩/٥/٢٨ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا) هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەوەرێ ئێکێ/ عصمت كوليك اسماعيل
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ٢٥٨٨/ب/٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٨
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (صباح جوهر رشيد)
داواکار (ریاض بشیر یعقوب) داوای ژمارە (٢٥٨٨/ب/٢٠١٨/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (صباح جوهر رشید) ئەم دادگایە لەدادبینی رۆژی ٢٠١٩/٤/١٠ بریاری دا بەپابەندکردنت بە چۆل کردنی خانووی ژمارە (٣٨٢) e لەگەرەکی گوندی منارە وە رادەست کردنەوەی بەچۆلکراوی وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندوو بوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شاری منارە) لە ٢٠١٨/١٠/٢ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبرو کۆتایی وەردەگرێت.
دادەوەر/ حسين علي محمد
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٣٣٠/ ب/٥/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کامل و نظمی و فخریه و سعاد و حربیه مندالانی جمال جمیل و زیبا کیکاس و اقبال عبدالله)
داواکار (مشير قرژك عزيز و هاوبەشەکانی) داوای ژمارە (٤٠٩٦/ب/٥ ئەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی عربی کۆن و نوێ) لە ٢٠١٩/٤/١٤ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٨) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٧٦٠/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٤/١٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (علی صبحی طه طیب) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ڤین رمضان مجید) داوای ژمارە (٧٦٠/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (اثبات زواج و اثبات نسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (قەزای ئاکری کەرەکی گوراڤا) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/١٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەوەر/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی/٣
ژمارە: ٤٠٩٦/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٤/١
ئاگانامە
داواکار/ يعقوب احمد شريف
داوالێکراو/ گلاوێژ صالح محمود زاده
ئاگادارت ئەکەینەوە داواکار (یعقوب احمد شریف) داوایەکی بە ژمارە ٤٠٩٦/ش/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە ئەو دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری ٢٠١٩/٤/٣ بە تصديق طلاق لەدەرەوەی بەهۆی دادگا طلاق دراوە وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاری دا ئاگادارت بکاتەوە بۆ هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەسێت بەتانە لێدانی یان پیاچوونەوەی (تمیزی بریارەکە) ئەو بریاری پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەوەر/ قادر بارام فتاح
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٥
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (صنعان عدنان نورالدين) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە بۆ/داوالێکری (ادیبه حسن صالح)جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە زبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاریێ (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر رێپێدایی کومپانیا ئافا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە ($١٨٧٢٥) هشت دە هزار وحەفت سەدو بیست وپێنج دولار ئەمریکی یا یەکا ژمارە (١) ئافاهیا (H٤) پروژی لیلاڤ ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادوەری ل دهوکێ یا ژمارە (١٠١٩) رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلپژێری تاخی نزارکێ نوی لیلاڤ ستی رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٥ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ نامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٥/٩ وئەگەر نامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادەوەر / عزيز محمد سعيد
***

هەڵی کار

(هەوێرکاری خلیە العسل) پێویستیمان بە (١) کەس هەیە بۆ کارکردن جا هەر کەسێك دەیەوێت کاربکات با سەردانی بەرێوەبەرایەتی کار بەشی بەکارخستن بکات کە دەکەوێتە سەر جادەی مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە بەرامبەر بازاری کوران بۆ پەیوەندی بە ژمارە مۆبایلی خوارەوە بکەن...

ژمارەی هەڵی کار/ ١
موچە/ ٤٩٠٠٠٠
ناوی کار/ کرێکار
ڕەگەز/ نێر
ناونیشانی پرۆژە/ هەولێر عنکاوە
ژمارەی تەلەفۆن/ ٠٧٥٠٥٠٩٠٩٨٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢١٧٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/٤/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا (سنوردار)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (INTERCONTINENTAL BUSINESS CORPORATION) بۆ (بازرگانی بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری: ٢٠١٨/٤/١٠
مافپەروەر/ دلزار اسماعيل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢١١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (SUN PURITY TECH) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد فؤاد عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (SUN PURITY TECH) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرهاد فؤاد عثمان
ناونیشان/ هەولێر- گەرەکی ئەندازیاران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٤٠

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (جبل کواشی بۆ بازرگانیا گشتی هاوردە - هێنان وبردن / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسێك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای دهوك
پاکتاوکار / بهزاد ديوالی بحری
ناونیشان / دهوك - نزارکێ
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٣٠٤٧٤٧٤

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ١٤/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ داوالێکراو (ماجد هاشم عبدالله) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (شرین نظیف خاجة) داوای ژمارە (١٤/ش/٢٠١٩) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە لێك جیابونەوە (تفریق) ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی رۆژی(٢٠١٩/٤/٣٠)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا نارەنی بریکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شمله دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بریاری پێویست دەردەکات
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦٠٧ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (ازاد محمد احمد)جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر قێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر رێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە ($١٣٩١٠) سیزدە هزار نەە سەدو دە دولار ئەمریکی یا یەکا ژمارە (١٠) ئاڤاهیا (HV) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادوەری ل دهوکێ یا ژمارە (١٠٢٢) رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلپژێری تاخی نزارکێ نوی لیلاف ستی رێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ قێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر قێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٥/٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦١٥ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (لاوند غازی الیاس)جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر قێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر رێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە ($١٢٨٤٠) دووازدە هزار و هەشت سەدو چل دولار ئەمریکی یا یەکا ژمارە (٢١) ئاڤاهیا (H٢) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا داوەری ل دهوکێ یا ژمارە (١٠٢١) رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلپژێری تاخی نزارکێ نوی لیلاف ستی رێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ قێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر قێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٥/١٢ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
***
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ١٥/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ داوالێکراو (ماجد هاشم عبدالله) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ئاگاداری
داواکار (شرین نظیف خاجة) داوای ژمارە (١٥/ش/٢٠١٩) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە بڕێوی (نفقة) ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی روژی(٢٠١٩/٤/٣٠)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا نارەنی بریکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شمله دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بریاری پێویست دەردەکات
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦١٧ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (خدر سمو سێتو)جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر قێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر رێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە ($١٤٦٨٠) چار دە هزار وشەش سەدو هەشتی دولار ئەمریکی یا یەکا ژمارە (٢١) ئاڤاهیا (H٢) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادوەری ل دهوکێ یا ژمارە (١٠١٦) رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلپژێری تاخی نزارکێ نوی لیلاف ستی رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ قێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر قێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٥/١٢ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
***
قایمقامیا قەزا بەردەرەش
لیژنا بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندا
ژمارە/ ١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
ئاگەهداری
لدویف برگا (٥) ل مادا (٤) ل رێنمایێن ژمارە (١)یێ ساڵا (٢٠١٥) یا وەزارەتا نافخو یا هەرێما کوردستانێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندا ل قەزا بەردەرەش رابوویە ب کاریێ خو ب مەرەما بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندێ (گومەزەرد) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٣ ,٢٣/١, ٢٥/١ , ٢٦/١ , ٤/١) ل کەرتێ (٧٠) گومەزەرد سەر ب رێڤەبەریا ناحیا دارەتوو ئەڤجا هەر کەسەکی تانە هەبیت پێشکێشی لیژنا ناڤبری بکەت ل ماوەێ (١٥) رۆژا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ
خلیل محمود اوسی
قایمقامی قەزا بەردەرەش
سەرۆکێ لیژنێ
***
قایمقامیا قەزا بەردەرەش
لیژنا بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندا
ژمارە/ ٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
ئاگەهداری
لدویف برگا (٥) ل مادا (٤) ل رێنمایێن ژمارە (١)یێ ساڵا (٢٠١٥) یا وەزارەتا نافخو یا هەرێما کوردستانێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندا ل قەزا بەردەرەش رابوویە ب کاریێ خو ب مەرەما بەرفرەهکرنا مەشاغێ گوندێ (گردەپان) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (١/١) ل کەرتێ (٥٤) گردەپان سەر ب رێڤەبەریا ناحیا دارەتوو ئەڤجا هەر کەسەکی تانە هەبیت پێشکێشی لیژنا ناڤبری بکەت ل ماوەێ (١٥) رۆژا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ
خلیل محمود اوسی
قایمقامی قەزا بەردەرەش
سەرۆکێ لیژنێ
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢١٦ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٨ / ٤ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراوێ : امین احمد طه
ل دیف داخوازیا داواکار(سمیه صورو عزو) وکێشا ژمارە (٢١٦ /ش/٢٠١٩) تێدا داخازا دانا خەرجی بوری بو خو ژتە دکت بەرامبەری ڤێ دادگەهی ژ روژا (٨/٨/٢٠١٨) تا روژا (٢٠١٩/٤/٤) وتێدا داخازا دانا خەرجی هەیڤانە بو خو ژتە دکت بەرامبەری ڤێ دادگەهێ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن (دەلال) ژمارە (١٥٣٦) ل (١٠ / ٤ / ٢٠١٩) و نقیسارا بریژاریێ تاخێ (برایتی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٩ /٤ /٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
***
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٤٧ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٨ / ٤ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : سوسن عبدالقادر صبری
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٤٧ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٣/٢٨) بکەتنا تەلاقا داواکاری (فاروق قیس محمد) بەرامبەری ڤێ دادگەهی ل ٢٠١٩/٣/٢٨ ژتە و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتفیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامییت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی
ژمارە : ٥٢٣/ ش / ٢٠١٩
بەروار : ١٥/ ٤ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : عبدالله محمد یونس / ناونیشان/ سلێمانی
داوالەسەرکراو : تەنیا رؤوف محمد / ناونیشان/ نادیارە
داواکار (عبدالله محمد یونس) داوایەکی بە ژمارە (٥٢٣/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە بە (جیابونەوە) ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو روژنامەی ناوخۆی روژئاوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە روژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/٦/٢) سەعات (٩:٤٥) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / سۆران عمر مەحوی
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٥/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رێباز قادر رشید
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٦/١١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٣ف و) لە یاسایی (باری کەسی) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٢٨/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بروا کمال محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٤/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جاسم عبدالرحمن محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٥٦/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شفان انور عیسی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٩) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٤٧/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالله محمد حمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٩) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٧٧/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رزگار محمد جمیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٦/١٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٢) لە یاسایی (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٢٣/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هیثم روستم عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٦/٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٨٣/ك١/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام ناظم اسماعیل عثمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەروارێ ٢٠١٩/٥/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Junior Drilling Engineer

LOCATION: Field

JOB SUMMARY: The main role is to assists the Drilling Supervisor(s) and Well Engineers with all aspects of Well Engineering and Drilling operations. The Junior Drilling Engineering is seen as an entry route for either the Drilling Engineer or Completion Engineering position.

KEY RESPONSIBILITIES

- Monitor plans, drilling program and work progress.
- Ensure an adequate inventory of equipment and material is available at drilling site with quality check in coordination with logistic person.
- Act as support to the Drilling Supervisor on location
- Act as support to the Drilling / Completion Engineer in the office
- Active role in casing running and cementing operation.
- Monitor BOP testing operation.
- Perform hydraulic calculations prior to and during each section.
- Monitor daily operational cost control.
- Write section by section technical summary for EOWR.
- Collect daily report, EOWR's and archive the documents from service companies.
- Assist the Drilling Supervisor to implement the TAQA HSSE management system.
- Support the Drilling Supervisor in the event of an emergency response situation.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor or Masters degree in a Technical discipline
- Preferring Specific petroleum engineering qualifications
- Previous drilling or completions related work experience
- Fluency in Kurdish & English, both written and spoken

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Geologist

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: The main role is to support the development of TAQA's interests in northern Iraq (Kurdistan) through the application of geological techniques integrated with other subsurface disciplines. Provide geological operational support and direction to development team members in relation to the drilling and evaluation of TAQA operated wells on an on-going basis.

KEY RESPONSIBILITIES

- Provides a full range of geological support and analysis to the team
- Promote and maintain an integrated approach to communication between the geoscience, engineering, operations, drilling and completions staff in support of Company objectives.
- Direct and quality control coring and open hole logging operations as they are being performed.
- Update knowledge base on an on-going basis in regards to geological evaluation, petrophysics, drilling and completion techniques.
- Monitor the work of Subsurface contractors/consultants and participate in site audits of G&G service companies in the Kurdistan region of Iraq as may be required from time to time.
- Support TAQA's core values of safety and sustainability, pursuit of excellence, trust, working together, and courage and creativity.


QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Degree Qualified in an appropriate discipline (Electrical, Instrumentation & Control, Mechanical or Process)
- Minimum of five years engineering experience in an oil / gas, petrochemical processing, industrial manufacturing or power generation facilities
- Preferring five years of process plant/ maintenance operations experience
- Fluency in Kurdish & English, both written and spoken

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1921:
میساقی بەرشلۆنەی تایبەت بە ڕێکخستنی ئازادی ترانزێت واژۆ کرا .



سالی 1960:
شاری بەرازیلیا وەک پایتەختی وڵاتی بەرازیل دەستنیشان کرا .



سالی 1961:
لە جەزائیر کودەتایەکی سەربازی لە دژی دەسەڵاتی شارل دیگۆڵی سەرۆکی فەرەنسا رووید ا .



سالی 1967:
لە یۆنان سوپا دەستی بەسەر دەسەڵات داگرت .



سالی 1982:
بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئاشتی ، میسر ناوچەی شەرمولشەیخی وەرگرتەوە .



سالی 2015:
سەبارەت بە دۆسیەی کۆشکی ئیتیحادی ، بیست ساڵ زیندانی بەسەر محەمەد مورسی سەرۆکی پێشووی میسر داسەپێنرا .

عێراق

یاریکەرە، یان یارییەکراو؟



غازی حەسەن

عێراق لەدوای بڕیارەکانی تەرمپ لەبارەی ئێران و بڕیاری ئەمەریکا سەبارەت بە تیرۆریست ناسینی هێزی پاسداران دۆخی ئاڵۆزتر و هەنگاوەکانی پڕ کێشەتر دەبێت، چونکە بێلایەن بوون لە ناکۆکی و ململانێکاندا بۆ لایەن و حکوومەتێک ئاسانە، کە دوور بێت لەکێشەکان، بەپێچەوانە عێراق بەشێکە لەو کێشانە. بۆیە هیچ لۆژیکێک بۆ بێلایەن بوون لە ناکۆکییەکان و نەبوونە بەشێک لە ڕەوت و سەنگەر بەندییەکانی ناوچەکە هەر تەنیا لە خەیاڵ دەچێت.



ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

هاوسەنگی لە ناوچەکدا کارێکی نیمچە نەکردەیە، چونکە زەمینەی ئەم جۆرە هاوسەنگی و هاوکارییانە لەئارادا نییە، هەروەها بەپێی مەزەندەی زۆربەی شرۆڤەکاران لە سەردەمی شڵەژان و قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان ئێران و سعودییە و ئەمەریکا بەغدا ناتوانێت بێلایەن بێت، چونکە حکوومەتی عێراقی لەسەر بنەمای شیعەبوون دامەزراوە. سەرۆک کۆمار بەڕەزامەندی ئێرانییەکان دانراوە، لەهەمان کاتدا بڕیارە بە ڕەزامەندی بەغدا، ئێران هێڵی ئاسنین لەنێوان تاران و لە خەیاڵی ئەوەدا بێت، کە یاریکەرە، هەڵەیەکی مێژوویی دەکات، چونکە عێراق یاریپێکراوە مەبەستم ئەوە نییە ڕۆڵی بەشداری لە یاریپەکانی پێ دەدەن، بەڵکو گاڵتەی پێ دەکەن و هەڵی دەسوڕێنن. کەسانی ئاسایی و نەشارەزاش لە سیاسەت دەزانن، کە سعودییە دەیەوێت عێراق لەژێر دەسەڵاتی ئێران دەربهێنێت و بەرەو بڕیاری عەرەبی ڕابکێشێت، ئەمەریکا ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە عێراقێکی دیموکراتی دوور لە هەژموونی ئێران دەبینێت، ئێرانیش عێراق وەکو سەنگەرێکی دەرەکی بۆ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو هێناوەتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە ئایا سعودییە بەشداری لە چارەسەری کێشەکانی عێراق دەکات، یان ئەویش دەیەوێت لە عێراقەوە ڕووبەڕووی سیاسەت و بەرنامەی تاران دژی سعودییە و هاوپەیمانەکانی و نیازەکانی تورکیا لە ناوچەکە ببێتەوە.

دوای سەردانی شانشینی هەمەکارەی سعودی بۆ بەغدا، عادل عەبدولمەهدی یەکسەر سەردانی ئێرانی کرد و شێوازی پێشوازییەکەی لەلێپێچانەوە و پێدانی زانیاری دەچوو، نەک مامەڵەی دوو دەوڵەت. لە کۆتایی هەفتەی ڕابردووش سەرۆک وەزیرانی بەغدا سەردانی ریازی کرد و لەسێزدە بواردا ڕێککەوتنیان مۆر کردووە. لای زۆر گەل و نەتەوەش 13ژمارەیەکی خراپە، دوور نییە سەرەخۆرەش بێت.

بڕوا ناکرێت عەبدولمەهدی توانای چارەسەری پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تاران و ڕیازی هەبێت، ئێمە دەزانین عەبدولمەهدی بانگەشەی چارەسەری دیبلۆماسی کێشەکان دەکات، بەڵام بەغدا و دیمەشق دروست بکات و دەشیەوێت عێراق وەکو سەرچاوە و بازارێکی دارایی و ئابووری بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەربازی و سیاسی و کەمکردنەوەی هەژموونی سزا دارایییەکانی ئەمەریکا بەکاربهێنێت. لە هەموشی گرنگتر سعودییە دڵی بۆ سوننەی سەرکوتکراو لە سایەی حەشد و هێزە شیعییەکان لێ دەدات و هەروەها کار بۆ ڕاکیشانی شیعە نەتەوەییە عەرەبییەکان دژی شیعەی مەزهەبی سەر بەئێران دەکات.

عادل عەبدولمەهدی لەچاو بەرپرسەکانی پێشەخۆی میانڕەوتر دیارە، بەڵام ئێمە دەزانین لە بەغدا دەسەڵات بەدەست کەسی حاکمەوە نییە، دەسەڵات بەدەست هێزە مەزهەبی و ئایینی و سەرچاوەکانی بڕیاری شیعە و تا سنوورێکی زۆریش ئێران بڕیاری کۆتایی دەدات، بۆیە بۆچوون و توانای کەسی و هێزی فکری واقیعی و میانڕەویی و مرۆڤانە هەڵسوکەوتی تەنیا حاکمێک ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکان بکات.

لەهەمان کاتدا ئەگەر عێراق و شرۆڤەیەکی دابڕاو لە واقیع نییە، نەخێر ئەم وێنەیە وێنەیەکی کردەکی هەقیقیە.

ئێران کە دوور یان نزیک ناتوانێت سوریا هەتا کۆتایی بەکاربهێنێت، بۆیە نایەوێت سوریا و عێراق بەیەکەوە لەدەست بدات، لەبەر ئەوە بەرپرسانی بەغدا دۆنکیشۆتانە بیر دەکەنەوە، ئەگەر بیانەوێت وێناکردنێکی بێلایانانە بەهەنگاوە دیبلۆماسی و پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانیان بدەن. لەناوەخۆدا هەرێمی بەسرە و موسڵ باسی ڕۆژە، گەندەڵی و خراپبوونی خزمەتگوزاری مەزهەبەکانی بۆ دینی و ئەوانەی سەر بە ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبن دەکات، ئێران عێراق وەکو کارت و هۆکار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناحەزەکانی بەکاردەهێنێت. ناکۆکی لەسەر پێویستی مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لەنێوان لایەنەکانی نێو عێراق و دەسەڵاتەکان تونده. بۆیە دەڵێین عێراق یاریکەر نییە، بەڵکو یاریپێکراوە. وەکو چۆن زۆر لە وڵاتە سەقامگیر و بێ کێشەکان ناتوانن ڕۆڵی سەربەخۆیانەیان لە کێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان هەبێت، ناتوانێت بێلایەن بێت، یاریپێکراویش ئازاد نییە کامە سەنگەر و هاوپەیمانی و ڕەوت هەڵدەبژێرێت. یاریپێکراو پێویستە داواکاریی و شتە فەرزکراوەکان جێبەجێ بکات، نەک مەزەندەی ئەوە بکات، دەتوانێت مەزەندەی ڕووداوەکان بەپێوەری بەرژەوەندییە باڵا و نیشتیمانییەکانی خۆی بکات.

سعودیە دەیەوێت هاوکاری عێراق بکات، ئێرانیش دەیەوێت عێراق هاوکاری بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سزا ئابووریەکان.. یاریپەکە لەخراپ بوونە. میلیشیا چەکدارەکانی سەر بەئێران دەسەڵات و پێگەیان وەکو خۆیەتی. سعودییە کار بۆ بوژانەوەی سوننە عێراقێک کە بەشێکە لە کێشەکان و بەشدارە لە ناکۆکییەکان و نیازی دژ بەیەکی نێوەخۆیشی لە وێناکردنی گرفتەکان تێدایە، یاریپەکەی ئاڵۆز و قورسە، بۆیە پێناچێت گەمەیەکی دڵخۆشکەر بێت، بەتایبەتی کە عێراق یاریپێکراوە.



سەرۆک وەزیرانی عێراق لە تاران


سەرۆک وەزیرانی عێراق لە سعودیە

وێنە و کۆمێنت

ڕەگەزپەرستی جەرگی میشێل ئۆباما دەسووتێنێ

وێڕای ئەو کارە قورسەی بۆ ماوەی 8ساڵ لە کۆشکی سپی لە پێناوی خزمەتکردنی وڵاتەکەم ئەنجامم دا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس جگە لە ڕەنگی پێستی من هیچی دیکەیان نەبینی . ئەمە یەکێکە لە وتەکانی میشێل ئۆبامای خانمی یەکەمی پێشووی ئەمەریکا دەربارەی ڕەگەزپەرستی لە وڵاتەکەیدا. ئەو ئەگەرچی کە لە کۆشکی سپی بوو ، جەماوەرێکی زۆر پشتگیری لێدەکرد ، بەڵام کاتی مانەوەی لە کۆشکی سپی وا بە ئاسانی بەڕێ نەکردووە . میشێل لە دیانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی چەند دیمەنێک دەکات بە نموونە و دەڵێ : بەرپرسێکی پایەبەرز لە ویلایەتی ڤیرجینیا ئەوی لە مەیمون چواندووە ، هەروەها عومدەی واشنتۆن بە دەموچاوی گۆریلا وەسفی کردووە.



www.xebat.net
یەک شەمە2019/4/21 ژمارە (5732) خەبات

هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل

نەخشەی پارت و لایەنە سیاسییەکان، ئەنجام و پێشبینییەکان

تا: هەندرین شێرزاد

ڕۆژی سێ شەممە، 9ی ئەپریلی 2019، هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوەخت لە ئیسرائیل ئەنجام درا ، ئەگەرچی بڕیار بوو پرۆسەکە لە مانگی نۆڤەمبەری 2019ئەنجام بدرێ بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانێ کۆمەڵێک ناکۆکی توند لە نێوان پارتی لیکوێدی راستڕەو لەگەڵ پارتە ئایینیەکانی تر سەبارەت بە یاسای سەربازگیری کە ئەرسۆزۆکسەکانی هەڵوێردووە لە جێبەجێکردنی خزمەتی سەربازیی ، بڕیار درا پرۆسەکە پێش بخرێ .





پالێوراوانی هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل

نەخشەی پارتە بەشداربووەکان

پارتە راستڕەوەکان

پارتی لیکود:

گەورەترین پارتی راستڕەوی سیاسی ئیسرائیلیە ، باوەڕی بە بیرۆکەی ئیسرائیلی مەزن و تایبەتمەندی گەلی جولەکە و گرنگی زیندووکردنەوەی میژووەکەی هەیە . ساڵی 1973دامەزراوە و لە پارتێکی راستڕەو جیابۆتەوە کە لەلایەن مناحم بێگنی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری ئیسرائیلەوە سەرۆکایەتی دەکرا . پارتی لیکود لە ساڵی 1977توانی یەکەم حکومەت پێکبێنێ و ئیستا لەلایەن بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و زیاتر پشت بە گرتنەبەری سیاسەتە ئەمنیە تونەدەکان دەبەستێ سەبارەت بە بابەتە چارەنووسسازەکان .

پارتی راستڕەوی نوێ

لە مانگی دیسەمبەری 2018 دامەزراوە ، دوای کشانەوەی نفتالی بینیتی وەزیری پەروەردە و فێرکردن لە پارتی ئیسرائیل مالی ئیمەیە .

یەکێتی راستڕەو

لەلایەن حاخام رافی بیرتسەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و یەکێکە لە گەورەترین پێکهاتە سیاسیەکان کە نوێنەرایەتی جێنشینە ئیسرائیلیەکانی کەرتی رۆژئاوا دەکات و زۆر بە تونديش دژایەتی دامەزرانی دەوڵەتی فەلەستین دەکات ، هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندیە تەوراتی و ئاینیەکانی ئیسرائیل بەو خاکانە دەکاتەوە کە فەلەستینیەکان دەخوازن وەک بەشێک لە داهاتووی دەوڵەتەکەیان .

پارتە چەپڕەوەکان :

پارتی شێن - سپی

بینی گانتسی سەرۆکی پێشووی سوپاوە سەرپەرشتی دەکرێ و لەگەڵ موشێ یەعلونی وەزیری پێشووی دارایی و یائیر لابیدی سەر بە پارتی میانڕەو هاوپەیمانیان پێکهێناوە و پشت بەو سیاسەتانە دەبەستێ کە دەبنە مایەی بەخشینی ئاسانکاری و تەنازولکردن بۆ فەلەستینیەکان ، بەو مەرجەی ئەوان نەبن بە خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان .

پارتی کار

ئاڤی جابای سەرۆکایەتی دەکات ، پارتێکی چەپخوازی کۆنە و لە هەڵمەتی پروپاگەندەکردندا جەختی لەسەر چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێنانەدی ئاشتی وڵاتی تایبەت بەخۆیانی لەسەر داجەزرێنن. ئەم یەکێتیە پارتی قاوەی تونڕەو دەگرێتە خۆی.

ئیسرائیل مالی ئێمەیە

لەلایەن ئەڤیگدۆر لیبرمانەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و چاوەڕێ دەکرێ خۆی بگەیەنێتە ڕێژەی یەکلاکەرەوە .

پارتی تەوراتی یەکگرتوو

لەلایەن یەعقوب لیتزمانەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و نوێنەرایەتی جولەکەکانی حەریدیمی ئەرسۆزۆکسی تونڕەو بە رەچەڵەک ئەوروپیەکان دەکات .

پارتی شاس

ئاریێ درعی وەزیری ناوخۆ سەرۆکایەتی دەکات ، ناوی تەواوی پارتەکە یەکێتی سەفاردیم پاسەوانانی تەوراتە و لەگەڵ پارتی تەوراتی یەکگرتوو هاوپەیمانیان پێکهێناوە

خەبات کۆڕێک لە خانەقین ساز دەکات



خەبات فاتمە قاسم حەبیب

لەپاش بڵاوبونەوەی کێشەی(100 ناوداری کەرکوک و گەرمیان) ، کە کێشەیەکی مێژوویی و پڕ لەزانیارییە لەبارەی کەسایەتی یەکانی کەرکوک و گەرمیان بەگشتی ، ستافی پەیامنێرانی خەبات بەباشیزانی خاوەنەکەی داوەت بکات بۆ خانەقین و لە کۆڕێکی خنجیلانەدا ناوەڕۆکی کێشەکە بخاتە بەر باس و گفتوگۆ ، لای خۆیەوە سەربەست برزۆ پەیامنێری خەبات لە خانەقین و بەغدا وتی : بۆ دەستخۆشی و بەرزراگرتن و ماندوبونی نووسەر و رۆژنامەنووس (عومەر عەلی شەریف)کەوا کێشەیەکی نایاب و پڕ لە زانیاری لەبارەی مێژووی 100 ناوداری کەرکوک و گەرمیان خستە بەر دیدی خوێنەران و کێشەخانەی کوردی ، بەباشمانزانی وەک رۆژنامەی خەبات کۆڕێکی بۆ ساز بدەین ،کە تیایدا نووسەر بەوردی تیشکیان خستە سەر ناوەڕۆکی کێشەکەیان و لە کۆتاییشدا خەلاتی رۆژنامەی خەبات بەخشرایە نووسەر و هەروەها دەیان لە کێشەی ناوداری کەرکوک و گەرمیان بەخشرایە ئاماژەیەئەم مەراسیمە لە لە قاوەخانەی کلتوری عەبدولەجید لوتفی لە شاری خانەقین بەڕێوە چوو.

گەیەنەری داستانی(خۆ نەچەمێنن)کێ بوو؟

پەیامنێری جەنگ مەسعود محەممەد وشەی (خۆ نە چەمێنن) سۆمبۆڵی سەرکەوتنەکانی گەلی کورد بەسەر دووژمنانەوە، بەداخەوە کەس نازانێ من بوم گەیاندم بەجیهان

دیمانە: ساسان دەروێش-دهۆک

لە رۆژێکی سەختی گەلی کورد دا و دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و لەدەست دانی بەشێکی زوری خاکی کوردستان، لە کاتێکدا کە وردی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە لە نزیمترین ئاست دابوو، هەر لەو کاتەدا سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی کە توشی غرورێکی یەک جار زۆر ببون و دەیانویست پەلاماری هەموو خاکی کوردستان بدەن ،لە میحوەری سحێلا هێزە ئێراقییەکان بە هێزێکی یەک جار زۆرەوە دەستیان بە هێرشکردن کرد، بەڵام لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی گورزێکی کۆشندەیان بەرکەوت و رێگەیان پێ نەدرا بگەنە ئەو ئارمانجە و سنورێکیان بۆ غروری سوپای عێراقی دانا و وانەیێکی مێژوویبیان بەحکومەتی دا، کە هەیبەت و شکۆی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیێک ناشکێ و پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی ئامادەی خۆ گوریکردنن بۆ خاکەکەیان.پەیامنێری کەناڵی کوردستان) 24مەسعود محەمەد) و وێنەگرەکەی (ستار ئەحەمەد) شانبەشانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە سەنگەرەکانی پێشەوە لەناو ئاگری تانک و توپی دووژمن دا دیمەنی ئۆتۆمبێلە سوتاوەکانی سوپای عێراقیان پیشانی جیهان دەدا کە لەلایەن پێشمەگەکانەوە سوتێنرابوون.





خۆ نەچەمێنن وەرەی پێشمەرگەو خەڵک

لەژێر بۆمبی توپ و تانکی دووژمنانی کوردستاندا، یەکێک لە فەرماندە چاونەترسەکانی پارتی و بارزانی بە وتنەوەی ووشەی (خۆنەچەمێن) سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی لەرێی ئەم پەیامنێرە و شاشەکەی کوردستان 24وە بە جیهانی دەگەیاند،کاتێک کە خەڵکی کوردستان ئەو دیمەنانەی ئۆتۆمبێلە سوتاوەکانی سوپای ئێراقیان دەبینی وەرەی خەڵکی زۆر بەرزبوویەوە و جارێکیتر گەلی کوردستان هەستایە سەرپێ و خۆراگریان کرد و نەیانهێشت دووژمنەکانیان بە مەرەمەکانیان بگەن.

خۆ نەچەمێن بوو بە سۆمبۆلی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە و گەلی کوردستان

جەنابی سەرۆک بارزانی لە زۆر شوێن ووشەی (خۆ نە چەمێن) وەک رێزێک بۆ خەبات و ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پێشمەرگە بەسەر هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان دا دووبارە دەکردەوە،هەر ئەمەش نا، بەڵکو لەلایەن زۆربەی سەرکردەکانی کورد وەک سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک مەسرور بارزانی و چەندین سەرکردەی دیکە ووشەی (خۆ نە چەمێن) وەک سمبولێ سەرکەوتنی گەلکی کوردستان بەسەر دووژمن و ناحەزانەوە دەووترایەوە .

نیگەرانی ئەوپەیامنێرە بۆچییە؟

ئەوپەیامنێرەی جەنگ لەدرێژەی وتەکانی بەنیگەرانیەوە وتی:زۆربەدڵ تەنگیەوە باسی ئەوە دەکەم دوای 20خولەک لەوەرگرتنی ئەو وتەیە کەڕاستەو خۆ ئەو فەرماندەیە قسەی بۆمن دەکردو دەیگوت:خۆنەچەمێن،شەهی د بوو! هەگیز لەدڵم دەرناچێیت.

بێ بەش بون لەڕێز و دەستخۆشی

هەرچەند ئەو سەرکردەیەی کە ئەم قسەی دەکرد چەند جارێک رێزلێنانی بۆکراوە و خەڵاتکراوە، بەڵام پەیامنێرەکە وەک خۆی دەڵێت کەس ئاگاشی لێی نییە و لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هیچ دەستخوشیش لێ نەکراوە



ئەو پەیامنێرە جەنگیە، بۆ رۆژنامەی خەبات دەڵێت" بە درێژایی شەڕی داعش بەشداری لە هەموو میحوەرەکان کردووە، یەکەم کەس بووە کە دوای چونی پێشمەرگە بە پێنج رۆژ لەگەڵ ستاری هاوکاری لەرێی قاچاخەوە خۆیان گەیاندووەتە ناو کۆبانێ و داستانی پێشمەرگەم بەدنیا گەیاندووە،دیسان یەکەم رۆژنامەنووسیش بووم لەگەڵ هاوکارەکەی لە هەرێمی کوردستانەوە خۆیان گەیاندووتە عەفرینی رۆژئاوای کوردستان و دەنگی خەڵکی بە جیهاند گەیاندووە.

چونە ناو مزگەوتی ئەبوبەکر بەغدادی

هەر لە کاتی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ لە شارۆچکەی باشیک بریندارببووە و دوای چاکبوونەوەی دیسان دەستی داوەتەوە مایکەکەی و رووی لە بەرەکانی جەنگ کردۆتەوە ئەو پەیامنێرە جەنگیە باس لەوەش دەکات شانازی بە کارەکەیەوە دەکات، بەتایبەت داستانی سحێلا و گەیاندنی ووشەی (خۆ نەچەمێن) کە بۆتە سمبولێ سەرکەوتنی گەلانی کوردستان بەسەر دووژمنانیان.ئەو پەیامنێرە و هاوکارەکەی ئاواتیان ئەوەیە رۆژێک لە رۆژان لە دیوانی سەرۆک بارزانی باس لەو رۆژە سەختە بکەن و باسی چۆنێتی گەیاندنی خۆنە چەمێننی بۆ بکەن و وێنەیێکی یادگاریشیان لەگەڵ بچرکێنن.



مەترسی خوێی چێشت ئاشکرا دەبێت

پسپۆران تۆپکاری و توێژینەوەیان لەسەر پێستی ئەو نەخۆشانە کردووە، کە هەستیاری دژێخانەیەنی پێستیان هەیە دەرکەوتووە، لەو شوێنانەی پێست کە هەوکردنی هەیە ، رێژەی خوێ و سۆدیۆم 30 هێندەی رێژەی ئاسایی بەرزترە.توێژەران ئەوەیان دەرخستووە، کلۆریدی سۆدیۆم "خوێی چێشت" ، خانەکانی "Th2"وڵیدەکات، رێژەیەکی یەکجار زۆر پرۆتینی ئینتەرلۆکین 4 (IL4)و ئینتەرلوکین (IL-13) بەرهەمبهێنێت، ئەوەش وا دەکات هەستیاری پێستی دژێخایەن، زۆر زیاتر بێت.خانەکانی "Th2"بە ژمارەیەک خانەی لاوەکی یارمەتیدەر "CD4+"دادەنرێت لە لەشی مرۆڤ، هەر کاتێک خانە وابەستەکان بە تەنێکی دژبەر دەکەون، خانەکانی "لیمفاوی" چالاک دەبن و دەگۆڕێن بۆ خانەی "Th2"ئینجا رێژەیەکی گەورە لە تەنە دژبەرەکان و سیتۆکینات کە هۆکاری سەرەکی هەوکردنە ، بەرهەمدەهێنرێت.



فیفی عەبدە نەخۆشە

مالپەڕی هونەری لەیالینا ، هەواڵێکی دەربارەی دواین دۆخی تەندورستی سەماکەری بەناوبانگی میسری فیفی عەبدە بڵاو کردەوە کە لەماوەی رابردوو بە هۆی نەخۆشییەوە لە مەیدانی هونەری و سەماکردن دوور کەوتبووەوە. فیفی عەبدە بەهۆی ئەوەی دەرمانی زۆری کەمکردنەوەی کێشی لەشی خواردبوو دووچاری هەوکردنی گەدە ببوو، لە ئاکامدا بۆ ماوەی سێ رۆژ پزیشک خواردنی لێ قەدەغە کرد. فیفی عەبدە دەربارەی نەخۆشییەکەی دەڵێ: دوچاری ئێش و ژانێکی وا بوومەوە، وەکو ئەوە وابوو مرۆڤ بمرێ و دواتر زیندوو بێتەوە.

نیسان ئۆتۆمبێلێکی ناوازەی کارەبایی بەرهەمهێنا



ئۆتۆمبێلی Leafمۆدێلی تازەی ئۆتۆمبێلی Leafە بەڵام بە پاتریەکی بەهێزتر، کە دەتوانیت تا مەودای دوورتر بڕۆیت تا 365کم بەنزیکەیی بەتەنها یەک بارگاویکردنەوە، ئەمەش واتا بەڕێژەی 40%ی زیاتر لە مۆدێلی پێشتر ئەمەش بەپاڵپشتی پاتریەکی 62کلیۆ وات لەکاتژمێرێک.شایەنی باسە، ئەم مۆدێلە زیادەی زیاتری هەیە لەمۆدێلی پێشتر، بزوێنەری 150کیلۆ واتی لەسەرە کە هێزی 200ئەسپی هەیە، کە 50ئەسپ لەمۆدێلە کۆنەکە زیاترە.جێی ئاماژە پێدانە ئەم ئۆتۆمبێلە بەردەستە لە یابان بەنرخی 38هەزار دۆلار ، لەناوەڕاستی ئەمسالێش دەگاتە ئەوروپا بەنرخی 51 هەزار دۆلار.

ئاستی رۆشنبیری تاک بەرامبەر شوێنەوار و کەلەپوور



ئەحمەد کامەران*

هەروەکو ئەوەی کە دەبینین کوردستان خاوەنی گەلێک شوێنەوارو کەلەپووری جوان و دێرینە وەکو ئەشکەوتەکان و لەگەڵ چەندان قەڵای دێرین کە میژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چەندەها ساڵ لەمەو پێش.بەڵام من لێرەدا دەمەوێ تیشکێکی بچووک بخەمە سەر ئاستی تاکی کورد یاخود چۆنیەتی مامەڵەکردنی تاکی کورد بەرامبەر شوێنەوارو کەلەپووری وڵاتەکەیدا.بەداخەوە دوای خوێندنەوەیەکم بۆ بەشێکی زۆری تاکی کورد کە دەبینم بێ بەرپرسیارانە مامەڵە دەکرێت لە بەرامبەر شوێنەوارو کەلەپوورەکانیان دایان بێ باکن لە پاراستنی شوێنەواری وڵاتەکەیان دا، کە دەتوانم وەکو قوتابیەکی شوێنەوارناسی ئەم بابەتە بەقەیران یاخود جینۆسایدی شوێنەواری لە قەڵەم بدەم، یەکێک لەو دیاردە ناشرینانەی کە وەک قوتابیەکی شوێنەوارناسی ئازاری دام بریتیبو لە سیمای سەر ئەشکەوتی قزقاپان کەچەندین دیاردەی ناشرینی لەسەر نوسرابوو وەکو نوسینی سەر کوچەو کۆڵانەکان وابوو.بۆیە لێرەدا ئەرکێکی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر شانی شوێنەوارناسان و رۆژنامەکان و میدیاکان و بەهەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار پێویستە رۆڵی بەرچاو ببینرێت لە هۆشیارکردنەوەی سەرجەم چینی کۆمەڵگای کوردی.

* قوتابی کۆلێژی ئەدەبیات بەشی شوێنەوارناسی

کچە کوردێک نوێنەرایەتی عێراق دەکات لە پێشبڕکێی گۆڕەپان و مەیدانی ئاسیا



وریشە عومەر

شاری بەغدا ، دڵسۆز عوبید کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان، توانی بۆ جاری پێنجەم ریزی عێراقی لە راکردنی 100مەتر بشکێنێت.

دڵسۆز خان کە یاریزانەی یانەی سیروانی نوێیە، توانی ئەو ماوەیە بە 14.50چرکە ببڕێت، کەپێشتر هەربەخۆی ئەو ماوەیەی بە 14.53چرکە بڕیبوو، ئەمەش لە تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردەی عێراق بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی ئاسیا کە بڕیارە لە 22ی ئەم مانگە لە وڵاتی قەترە بەڕێوەبچێت، بەم ریزی کۆردەش دڵسۆز عوبێد وەک کچە کوردێک نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق دەکات لەم پاڵەوانێتییە گەورەیەدا.

ئەمڕۆ لە خولەکانی ئەوروپادا

*** ئینگلتەرا:**
ئیڤرتۆن- مانچستەر یونایتد
کاردیف سیتی- ایڤەرپوول
ئەرسنال- کریستال پالاس
*** ئیسپانیا:**
لیڤانتی- ئیسپانیۆل
گیتافی- ئیشبیلیە
ریال مەدرید- ئەتلەتیک بلباو
قیاریال- لیگانس
ریال بیتس- ڤالێنسیا
*** ئەڵمانیا:**
فرایبۆرگ- بوروسیا دۆرتمۆند
هیۆتا بەرلین- هانۆڤەر
*** فەرەنسا:**
تۆلۆز- لیل
نانت- ئەمیان
پاریس سان جێرمان- مۆناکۆ



دوای دەرکردنیان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا

رۆنالدۆ تورەیە و یۆڤینتۆسیش بۆ پاڵەوانێتی2020 گۆڕانکای گەورە ئەنجام دەدات

هاوار مورتکەیی

دوای ئەوەی یانەی یۆڤینتۆس لە یاریی گەڕانەوەیاندا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا نەیانتوانی بەربەستی یانەی ئەیاکس ئەمستردام بەرابەرایەتی دی لیخت ببڕن و بگەنە یاری پێش کۆتایی، دەنگی تورەیی و بێزاری لەو یانە سەری هەڵدا، لەسەرووی هەموویانەوە تورەیی کریستیانۆ رۆنالدۆ کە بەم دواییە رووی کردە ئەو یانەیە.

یۆڤینتۆس بەو ئامانجە رۆنالدۆی بردە ریزەکانی بۆ ئەوەی بۆ جاڕی سێیەم لەمێژوویدا بتوانی ئەو نازناوە ئەوروپییە بەدەست بهێنێتەوە کە پێشتر لە ساڵەکانی 1985و 1996بەدەستی هێنابوو، بەڵام خەونەکانیان لەسەر دەستی ئەیاکس ئەمستردام لە گۆڕنرا و یانەی یۆڤی دەیەوێ لە ئێستاوە ریزەکانی پتەو بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمجارە بتوانێت بگاتە یاریی کۆتایی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپای 2020کە لە ئیستەنبۆل بەڕێوەدەچێت.

دوای ئەو دەرچوونەی یۆڤی، میدیا وەرزشییەکانی ئەو وڵاتە هەریەک لەلای خۆیەوە بەراڕێورت و لێدوانی جیاجیا ئەو پرسەیان زیاتر گەرم کردووە، رۆژنامەی توتۆ سپۆرتی ئیتاڵی باڵاوی کردەوە کە ئەو یانەیە دەیەوێت گۆڕانکاری لە هەموو شوێنەکاندا بکات، راپۆرتە میدیاییەکان باس لەوە دەکەن کە رۆنالدۆ دوای یاریەکە زۆر تورەبووە و داوای کردووە تیپەکە ژمارەیەک یاریزان بگۆڕێت.

یانەی یۆڤینتۆس دەیەوێ گۆڕانکاری گەورە ئەنجام بدات و خۆی بۆ پاڵەوانێتی سالی 2020ئامادە بکات، دیبالاش دیارترین ئەو یاریزانانەیە کە یۆڤی دەستبەرداری دەبێت، ئەویش بەمەبەستی کۆکردنەوەی پارە لەپێناو کڕینی چەند یاریزانێک، لەنێویاندا محەمەد سەلاح و ئیکاردی و کیزا و فلیکس.

کلۆپ: یارییەکەی کاردیف و هیدرسفیلد لە یاری بەرشلۆنە کەمتر نییە

یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوول بەر لە گەشت کردنیان بۆ کاردیف بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی یانەی کاردیف سیتی رایگەیاند و گوتی: ئەوەی لەوەرزی ئەمسا ئەنجامان دا بەتەنها بەرەنگاربوونەوەی گەورە نەبووە، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەییە ، ئەوەی تا ئێستا کارمان لەسەری کردووە وەک خۆی جێبەجێکراوە، هیچ بردنەوەیەک لە پێش فیکەی سەردتایی ناوبژیوان نەبووە.

هەروەها کلۆپ گوتی: هەمووان کە ناوی لیڤەرپوول دێنن، ڕاستەوخۆ بیر لەیارییەکەمان دەکەنەوە بەرامبەر بەرشلۆنە، بەڵام پێم وایە یارییەکانی کاردیف و هیدرسفیلد هیچی کەمتر نییە لە یارییەکەی بەرشلۆنە بۆ ئێمە، پێویستە ئەو یارییانەی کە ماون بیبەینەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پێشەنگی خولی ئینگلیزی بکەین.



ئەرسنال و چێڵسی و فرانکفۆرت و ڤالانسیا بۆ یاری پێش کۆتایی

یانەکانی چێڵسی و ئەرسنال و فرانکفۆرت و ڤالانسیا توانیان بگەنە قۆناغی پێش کۆتایی خولی یورۆلیگ، بەمەش یانەی ئەرسنال لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی یانەی ڤالانسیا دەبێتەوە، لەولاشەوە یانەی چێڵسی بەرامبەر یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت یاری دەکات کە بڕیارە یاریی چوون لە 2ی مانگی داهاتوو و یاری گەڕانەوەش لە 9ی هەمان مانگ بەڕێوەبچێت و براوەی ئەو دوو یارییەش دەگەنە یاری کۆتایی.

بەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی بارسا
ڤان دیک:
هیچ بیرۆکەیەکم نییە بۆ ئەوەی مێسی بوەستێنم

دوای ئەوەی دەرکەوت هەردوو یانەی بەرشلۆنە و لیڤەرپوول لە یاری پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و یاریی چوونیش لە ناو کامپ نوو بەڕێوەدەچێت، برگریکارانی یانەی لیڤەرپوول نازانن چ پلانێک بگرنەبەر بۆ ئەوەی مێسی لەو دوو یارییەدا بوەستێنن.

ڤێرگل ڤان دیک بەرگریکای لیڤەر لە لێدوانێکیدا بۆ سپۆرت فووتبۆل دەڵێت: یارییەکی زۆر بەتام و چێژ دەبێت بۆ هەمووان، یارییەکە بەتەنها لەسەر یەک کەس ناوەستێت، ئێمە دژی لەبەرامبەر هەموان دەوەستینەوە، ئەوە تاکە شێوازە کە بتوانین بەشێوەیەکی دروست بەرگری بکەین.

سەبارەت بەچۆنیەیتی ڕاگرتنی مێسی لەو یارییەدا ڤان دیک گوتی: پێم وایە مێسی باشترین یاریزانی جیهانە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی هیندە ئاسان نابێت، بۆیە هیچ بیرۆکەیەکیشم نییە بۆ وەستاندنی ئەو یاریزانە، لیگەرین تایاریییەکە دێت و ببینین بزانین چۆن دەبێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 21. Apr. 2019 No: (5733)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



زانکۆی هەولێری پزیشکی

فیستیڤاڵێک بۆ ڕۆژی زانکۆ ساز دەکات

بە مەبەستی بڕەودان بە تواناو ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی قوتابیان و ئاشناکردنیان بە چالاکی هەمەجۆر ، ڕۆژی پێنج شەمە 2019 _ 4 _ 25کاتژمێر (9 تاوەکو 4)ئێوارە زانکۆی هەولێری پزیشکی بە بەشداری کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان و کۆلێژەکانی دیکە زانکۆکە ، فیستڤاڵێکی هونەری و زانستی بۆ ڕۆژی زانکۆ ساز دەکات بەناوی (فیستڤاڵی بەهارە) ، لەو فیستڤاڵەدا چەندین چالاکی هەمەجۆری تایبەت بە توانای قوتابیان پێشکەش دەکرێن ..

شکار ڕێبوار



ئەمڕۆ پایتەختی کوردستان چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ مۆنۆ دراما لەئامێز دەگرێت

بەرهەم شێخ عزەدین :

ڕاگەیاندنی شانۆی هەولێر بەخەباتی گوت: بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بەهاوکاری لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ، چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ مۆنۆ دراما سازدەکات ،مەڕاسیمی کردنەوەی فێستیڤاڵ ئەمڕۆ لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر، لەسەر کاتژمێر ۳۰ : ۱۰ی بەیانی دەست پێدەکات .تیپە بەژدارببووەکان لە چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما بریتین لە (میسر، لوبنان، مەغریب، ورمێ، بەغداد، بابل، مەهاباد، سلێمانی، دهۆک، هەولێر) ڕۆژانە دوونمایش هەیە، لەدوو کاتی جیاواز (۱۱ ی بەیانی ، لەگەڵ کات۷ ی ئێوارە) ، هەموو نمایشەکان لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر دەبێت و دوای هەر نمایشێک گفتوگۆی ڕەخنەیی بەڕێوەدەچێت بەئامادەبوونی ستافی نمایشی مۆنۆدراماکان .

چەند ئەپلکەیشنێک بۆ ئارەزومەندانی ماتماتیک

هەردەوان :بەهۆی گەشەسەندن وبەردەوپێشچونی تەکنەلۆژیا ، لە ئێستادا بەشی زۆری ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بووە کە خوێندکاران بەدەستییەوە دەیاننالاند. لەگەڵ ئەو گەشەسەندنانەشدا بابەتە ماتماتیکییەکان بێبەش نەبوون و لە ئێستادا چەندین ئەپ و بەرنامەی تایبەت بەشیکارکردنی بابەتە ماتماتیکییەکان لە ئینتەرنێتدا بلاوبووەتەوە.

ئەو بەرنامانەش دەکرێت لە ڕێگەی مۆبایل و لەسەر کۆمپیوتەریش بەکاربهێندرێت و خوێندکاران لێی سودمەندبن. ئەمانەش چەند ئەپێکی تایبەتن بۆئەو مەبەستە:

/Mathway/College Algebra Prep, Practic/ Desmos Graphing Calculator

سینەماکارانی کورد خەڵاتەکانی ئۆسکاری ئەفریقایان بەدەستهێنا



تا- بەرهەم شێخ عزەدین

خاتوو "قیدا سالحی" سیناریۆنووسی فیلمی سینەمایی "گوڵ نیسا" خەڵاتی باشترین سیناریۆ و "سەتار چەمەنی گوڵ" ، خەڵاتی باشترین دەرهێنانی خەڵاتی سالانەی سینەمایییەکانی "دارالسلام" ناسراو بە ئۆسکاری ئەفریقایان بەدەستهێنا .

فیلمی سینەمایی "گوڵ نیسا" یەکەمین فیلمی بڵندی سینەماکاری کورد "سەتار چەمەنی گوڵ" و لە نووسینی سیناریۆی سینەماکاری کورد "قیدا سالحی"، بە بەڕێوەبەرایەتی وێنەگرتنی "محەمەد فەکووری" و بە ڕۆڵ بینینی سەعید داخ، عەلی محەمەد ڕادەمەنیش، یەگانە ڕەجەبی، ساقی زینەتی، مەسعوود محەمەدی، ویدا عەموویی، لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە دووهەمین خولی خەڵاتی سالانەی سینەمایییەکانی "دارالسلام" ناسراو بە ئۆسکاری ئەفریقا بەشداریی کرد و دوو خەڵاتی سەرەکی ئەم ڕوداوە سینەمایییە لەوانە: خەڵاتی باشترین سیناریۆی بەشی نێودەوڵەتی بۆ خاتوو "قیدا سالحی" و هەروەها خەڵاتی باشترین دەرهێنانی بۆ "سەتار چەمەنی گوڵ"ی بەدەستهێنا .ڕێورەسمی پێشکەش کردنی خەڵاتەکانی دووهەمین خولی خەڵاتی سالانەی سینەمایییەکانی "دارالسلام" ناسراو بە ئۆسکاری ئەفریقا لە ناوەندی کەلتوور و هونەری شاری میلیمانی لە پاریزگای دارالسلام لە وڵاتی تانزانیا بەڕێوەچوو و خەڵاتی سالانەی خۆی پێشکەش بە براوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکان کرد. فیلمی سینەمایی "گوڵ نیسا" ئەمساڵ لەم ڕوداوە سینەمایییەدا بەشداریی کرد و لە سێ بەشی باشترین سیناریۆ "قیدا سالحی" ، بەشی باشترین بەڕێوەبەریی فیلمهەڵگرتن "محەمەد فەکووری" و بەشی باشترین دەرهێنان "سەتار چەمەنی گوڵ" کاندیدی وەرگرتنی خەڵات بوو کە لە کۆتاییدا لە بەشەکانی باشترین سیناریۆ و باشترین دەرهێناندا خەڵاتی سالانەی ئۆسکاری ئەفریقا بەدەستهێنا. شایەنی باسە ئەمساڵ لە بەشی نێودەوڵەتی ئەم ڕوداوە سینەمایییەدا **31**فیلمی بڵندی سینەمایی لە **19**وڵاتی جیهان وەرگیران کە بە ماوەی دوو مانگ نمایشکران و لە لایەن ئەندامانی لێژنەی دادوەرانەوە هەڵسەنگێندران. "گوڵ نیسا" بە بەشداریی لەم فێستیڤاڵانە **11**خەڵاتی جیهانی لە بەشەکانی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان، باشترین بەڕێوەبەریی وێنەگرتن، باشترین ئەکتەری پیاو و باشترین ئەکتەری کچی بەدەستهێناوە و هەروەها لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمیش کاندیدی باشترین سیناریۆ بووە.

الصادرات السعودية
هيئة تنمية الصادرات السعودية

بەرهەمە سعودییەکان بدۆزەرەوە



پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بنیاتنان
22 - 25 نیسان، 2019



پیشەسازی سنورەکان دەبەزێنێت
و کۆمەڵگاکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە





saudiexports.sa @saudiexports